# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

۴۸۲

گۆڤاری پێشڕەو - ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم - ژمارە ۴۸۲ - بەفرانباری - ژانویەی ٢٠٢۶


## سەروتار

### بە پەرەپێدان و سەرتاسەریکردنەوەی ناڕەزایەتییەکان، وەڵامێکی ددانشکێن بە هەڕەشەکانی خامنەیی بدەینەوە

وتەکانی ئەم دواییەی خامنەیی سەبارەت بە جیاکردنەوەی «ناڕازی» و «ئاژاوەگێڕ» و پێداگری لەسەر ئەوەی کە دەبێ «ئاژاوەگێڕ لە جێی خۆی دابنیشێندرێت»، درێژەی لۆژیکی ستراتیژی توندترکردنەوەی سەرکوتە لە بەرەوڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ هەر چەشنە ڕاپەڕینێکی جەماوەریدا؛ ئەو ڕاپەڕینانەی کە ڕەگ و ڕیشەیان لە هەژاری، هەڵاواردنی پێکهاتەیی و سەرکوتی سیاسی دایە. ئەم جیاکردنەوە بە ڕواڵەت یاساییە لە نێوان ناڕەزایەتیی «ڕێگەپێدراو» و «ئاژاوە»، لە ڕاستیدا بەرگێکی ئایدۆلۆژیکە بۆ مەشرووعییەتدان بە سەرکوت، دەسبەسەرکردنی بەربڵاو و ئەمنییەتیکردنی تەواوەتیی کەشوهەوای کۆمەڵگا

ئەم هەڕەشانە دەرخەری ئاشکرای ڕۆڵی دەسەڵاتی سەرمایەداریی ئیسلامییە وەک ئامرازێکی ڕێکخراوی توندوتیژی چینایەتی؛ ڕژیمێک کە ئەرکی سەرەکی بریتییە لە پارێزگاریکردن لە موناسباتی زاڵمانەی سەرمایەداری و بەرهەمهێنانەوەی نەزمی کۆنەپەرستانە. وتارەکەی خامنەیی کۆمەڵێک ڕێنمایی عەمەلییە بۆ دەزگای سەرکوت. چەمکی «ئاژاوە» (اغتشاش) لە گوتاری فەرمی کۆماری ئیسلامیدا، وشەیەکی قووڵ و پڕمانای چینایەتی و سیاسییە. ئەم چەمکە بۆ تاوانبارکردنی هەر هەوڵێکی ڕێکخراو و سەربەخۆی جەماوەر بەکاردێت؛ هەوڵێک کە لە سنووری ناڕەزایەتییەکی بێمەترسی، کۆنترۆڵکراو و ناکاریگەر تێپەڕێت. کاتێک وەلی فەقیهی کۆماری ئیسلامی، ناڕازییانی سەر شەقام بە «بەکرێگیراوی دوژمن» یان «هۆکاری نائەمنی» ناو دەبات، تەواوی خەباتی زیندووی چینایەتی لە ناوەڕۆکی ماددی و کۆمەڵایەتییەکەی بەتاڵ دەکات. ئیتر ناڕەزایەتی وەک کاردانەوەیەکی عەقڵانی بەرانبەر بە هەژاری، چەوسانەوە و سووکایەتی سەیر ناکرێت، بەڵکوو بۆ ئاستی «پیلانێکی دەرەکی» دادەبەزێندرێت. بەم شێوەیە، هەر پرسیارێک سەبارەت بە ڕیشەی ڕاستەقینەی قەیرانەکە، واتە پەیوەندییە ئابووری، چینایەتی و سیاسییەکان، لە دەستووری کار دەچێتە دەر

ئەم پێچەوانەکردنەوە بەئەنقەستەی ڕاستییەکان، هەمان کارکردی بەلاڕێدابردنی ئاگایی کۆمەڵایەتی بە قازانجی چینی دەسەڵاتدار و شاردنەوەی پەیوەندییە ڕاستەقینەکانی

---

## بانگەوازی هاوبەش

### بۆ پەیوەستبوون بە ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکان و پاشەکشەکردن بە ماشینی کوشتن و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی



### ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

### بۆ پشتیوانی لە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک

### دژی هەڵاوسان و گرانی

### بۆ مەحکوومکردنی کوشتار، دەستبەسەرکردن و بانگهێشتی چالاکانی سیاسی لە کوردستان

### تەنیا بە ناڕەزایەتیی یەکگرتووانە و یەکپارچە دەتوانرێ ئەم شەپۆلی سەرکوتە پاشەکشەی پێ بکرێت

---

### ڕاگەیەندراوی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

### لە هاوپشتی لەگەڵ خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران

### بژی خەبات دژی هەژاری، گرانی و هەڵاوسان، بۆ پێشەوە بەرەو شۆڕش

### بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوە سەربەخۆکان

### بۆ پشتیوانی لە ناڕەزایەتیی مافخوازانەی کۆمەڵانی خەڵک

دەسەڵات و چەوسانەوەی هەیە. لەم چوارچێوەیەدا، ڕستەی «لەگەڵ ناڕازی قسە دەکەین، بەڵام ئاژاوەگێڕ دەبێ لەسەر خۆی دانیشێندرێت»، شتێک نییە جگە لە هێڵ کێشان لە نێوان ناڕەزایەتی بێمەترسی و کۆنترۆڵکراو لە چوارچێوەی یاسا کۆنەپەرستانەکانی ڕژیم و ناڕەزایەتی وەک سەرەتاییترین مافی دەربڕینی



بیروڕای جەماوەر. ناڕەزایەتییەک کە نەزمی مەوجوود نەخاتە بەر مەترسی، تەحەمول دەکرێت؛ بەڵام هەر ناڕەزایەتییەکی ڕاستەقینە کە هۆکارانی سەرەکی ئەم دۆخە کارەساتبارە بکاتە ئامانج، ناوی «ئاژاوە»ی لێ دەنرێت و وەک شیاوی سەرکوت دەناسرێت.

جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش تا ئەو کاتەی ناڕەزایەتییەکەیان لە چوارچێوەیەکی تەسکدا کە ڕژیمی ئیسلامی دیاری کردووە سنووردار بمێنێتەوە، «دڵسۆزی»ـیەکی ڕواڵەتییان لەگەڵ دەکرێت. بەڵام دەستبەجێ کاتێک ئەم تووڕەییە دەبێتە مانگرتن، دەستبەسەرداگرتنی شوێنی کار، یان ئاخێزی سەر شەقام دژی گشت نیزام، یەکسەر دەبێتە مەسەلەیەکی «ئەمنیەتی». بنەمایەکی هەمیشەیی وتارەکانی خامنەیی، لکاندنی هەر شەپۆلێکی ناڕەزایەتییە بە «دوژمنی دەرەکی» و «شەڕی نەرم». خەڵکێک کە لە گرانی، بێکاری، حەقدەستی کەم و گەندەڵی وەزاڵە هاتوون، تا ئەو کاتەی لە چوارچێوە بێمەترسییەکاندا قسە بکەن بە «خۆدی» ئەژمار دەکرێن؛ بەڵام کاتێک شەقام دەکەنە مەیدانی دەربڕینی ڕا و خەباتی ڕاستەوخۆ، شوناسیان بۆ «بەکرێگیراوی دوژمن» دەگۆڕێت. ئەم گۆڕانکارییە لە زمان و دەربڕیندا، ئامرازی سەرەکییە بۆ شەرعییەتدان بە توندوتیژیی دەوڵەتی. کوشتن یان زیندانیکردنی «ئاژاوەگێڕی بەکرێگیراوی دوژمن» ئیتر کوشتنی ڕۆڵەی چینی کرێکار یان لاوێکی بەشخوراو نییە، بەڵکوو وەک «بەرگری لە ئاسایشی نەتەوەیی» وێنا دەکرێت. ئەم وێنەیە دوو ئەرکی هاوکاتی هەیە: لە لایەکەوە دژایەتی سەرەکی نێوان کار و سەرمایە دەشارێتەوە و لە لایەکی ترەوە هەوڵ دەدات توێژە دوودڵەکان لە پشت دەوڵەتی دەسەڵاتدارەوە بەڕیز بکات

لە بارودۆخێکدا کە قەیرانی ئابووری و بێ بایەخ بوونی بەهای پارەی ئێران ژیانی ملیۆنان کەسی وێران کردووە، دەسەڵات لە جیاتی وەڵامدانەوە، هەوڵ دەدات ئاراستەی تووڕەیی کۆمەڵایەتی بەرەو دەرەوە بەرێت. «دوژمنی دەرەکی» دەبێتە قەڵغانێکی ئایدۆلۆژیک تا هەم بەرپرسیارێتی لە ئەستۆی چینی دەسەڵاتدار لابرێت و هەم تەواوی جۆرەکانی ڕێکخستنی ڕادیکال لە خوارەوە، بە ناوی «پرۆژەی دوژمن» سەرکوت بکرێت

پێویستە بە پەرەپێدانی ناڕەزایەتییەکان و هەرچی جەماوەریترکردن و سەرتاسەریکردنەوەی خەبات، وەڵامی ئەم هەڕەشانە و فەرمانی توندترکردنەوەی سەرکوتەکەی خامنەیی بدرێتەوە. مەسەلەی سەرەکی، پێکەوەگرێدانی تووڕەیی و ناڕەزایەتی کرێکاران، زەحمەتکێشان، پەراوێزخراوان، خوێندکاران و لاوانی بێزار لە هەژاری و بێکاری و بێمافییە کۆمەڵایەتییەکان و ژنانی ئازادیخوازە کە ئاڵاهەڵگری خەبات دژی هەڵاواردنی ڕەگەزین. کرێکاران کە قوربانیانی سەرەکیی ئەم هەژاری و نەهامەتی و گرانییەن، پێویستە وەڵامی هەڕەشەکانی خامنەیی بە ڕێکخستنی مانگرتنە سەرتاسەرییەکان لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریدا بدەنەوە

ترسی سەرانی کۆماری ئیسلامی لە «ئاژاوە» دەبێ بکرێتە کابووسی مەرگی ئەم ڕژیمە جەنایەتکارە و ئەمەش کاتێک ڕوو دەدات کە شەقام و کارخانە پێکەوە گرێ بدرێن؛ کاتێک کە مانگرتنە کرێکارییەکان بە ناڕەزایەتییەکانی سەر شەقامەوە پەیوەست بن. کاتێک کە مانگرتنە کرێکارییەکان ببنە بڕبڕەی پشتی مانگرتنە سیاسییە جەماوەرییەکان و ماشێنی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە کار بخەن. کاتێک کە کارخانە، قوتابخانە، زانکۆ و گەڕەکەکان ببنە تۆڕێکی یەکگرتوو لە بەرخودان و هێرشبردن و دەسەڵاتی ئابووری و سەرکوتی نیزامی سەرمایەداریی ئیسلامی ئیفلیج بکەن

لە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەی ئێستادا و لەسەر بستێنی پەرەپێدانی مانگرتنە کرێکارییەکان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانە کە هەوڵ و تێکۆشانی هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە بۆ ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانە دەچێتە قۆناغێکی نوێوە. دەبێ لەسەر بەستێنی پەرەسەندنی ناڕەزایەتی و مانگرتنە کرێکارییەکان، بۆ دامەزراندنی شوڕا کرێکارییەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی تری کرێکاران لەوانە یەکێتی و سەندیکاکان هەوڵ بدرێت. ژنان و لاوان لە گەڕەکەکاندا لە جەرگەی ئەم ناڕەزایەتییانەدا و بە پشتبەستن بە تۆڕە کۆمەڵایەتییە پێکەوەگرێدراوەکانیان، کۆمیتە و شوڕای گەڕەکەکان پێک بهێنن. پێویستە هەوڵ بدرێت دروشمەکانی وەک «ئازادی، یەکسانی، ئیدارەی شوڕایی» و «نان، کار، ئازادی، ئیدارەی شوڕایی» بکرێنە دروشمی جەماوەری. مەسەلەکە تەنیا هەرەسپێهێنانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەی شۆڕشگێڕانە نییە، بەڵکوو پێویستە کرێکاران و جەماوەری خەڵک وێنەیەکی ڕوونیان لە ماهییەتی ئەو حکوومەتە هەبێت کە دوای کۆماری ئیسلامی دێتە سەر کار. دەبێ لەسەر وێرانەکانی کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتی شوڕایی کرێکاران و خەڵکی ئێران بنیات بنرێت

***

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی
## حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
## بۆ پشتیوانی لە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک
## دژی هەڵاوسان و گرانی

ڕۆژی یەکشەممە ٧ی بەفرانبار، هاوکات لەگەڵ هەشتەمین ساڵڕۆژی دەستپێکی ڕاپەڕینی بەفرانباری ١٣٩٦ و بەدوای دابەزینی بێوێنەی بەهای تمەن لە بەرانبەر دۆلار و دراوە بیانییەکانی دیکە و کاریگەرییەکانی لەسەر بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان، شوێنەجیاجیاکانی بازاڕوناوچە ناوەندییەکانیتارانبوونەمەیدانی دەربڕینی تووڕەیی وناڕەزایەتی دووکانداران،کاسبکاران وجەماوەری وەزاڵەهاتوو لەمدۆخە ئابووریە ئاڵۆزە. ڕۆژی دووشەممەش هاوکات لەگەڵ مانگرتن و داخستنی بازاڕی "بەینولحەرەمەین"، بازاڕی ئاهەنگەران و سەرافان و داخستنی دووکانەکان



لە شەقامەکانی ناسر خوسرەو، سەعدی جنووبی، لالەزار، چوارڕێی ئەستەمبوڵ و دەوروبەری بازاڕی چوارسوق، ڕێپێوان و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی بە دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"، "گرانی، هەڵاوسان، بەڵای گیانی خەڵکان"، "مەترسن مەترسن، ئێمە هەموو پێکەوەین" درێژەی هەبوو

بەپێی دواین ڕاپۆرتەکان، دامنەی ئەم ناڕەزایەتییانە شارەکانی مەلارد، کەرەج، مەشهەد، هەمەدان، کرماشان، کرمان، لوڕستان و دوورگەی قیشم و چەند شاری دیکەشی گرتووەتەوە و ناڕازییان بە شعاری "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" دژی دۆخی ئاڵۆزی ئابووری و هەڵکشانی سات بە ساتی نرخەکان دەنگیان هەڵبڕی. خوێندکارانی کوی دانشگای تارانیش بە دروشمی "زانکۆ دەمرێت، زیللەت قبووڵ ناکات" ورو لە بەکرێگیراوان "بترسن بترسن، ئێمە هەموو پێکەوەین" دەستیان دایە ناڕەزایەتی. هاوکات یەکێتیی ڕێکخراوەکانی کامیۆنداران و شۆفێرانی سەرانسەری ئێران لە بەیاننامەیەکدا وێڕای دەربڕینی نیگەرانی قووڵی خۆیان لە دۆخی نالەباری ئابووری، پشتیوانی تەواوی خۆیان لەم ناڕەزایەتییانە ڕاگەیاند

کاردانەوەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بەم ناڕەزایەتییانە خێرا و ئاشکرا و سەرکوتگەرانە بوو. هێزە ئەمنییەکان، پۆلیس و گاردی دژەشۆڕش دەستبەجێ لە خاڵە جیاجیاکانی تاران جێگیر کران و لە شەقامی جمهووری و چەند شوێنی دیکەی تاران لەگەڵ ناڕازییان تێکهەڵچوون و بۆ بڵاوەپێکردنیان گازی فرمێسکڕێژیان بەکار هێنا. "موحسینی ئێژەیی"، سەرۆکی دەزگای دادوەریی ڕژیم بۆ بێبەریکردنی باندە مافیاییەکانی دەسەڵات لەو تاوان و دۆخە کارەساتبارەی بەسەر خەڵکدا سەپاندوویانە، ڕایگەیاند: "هەندێک کەس بە تێکدانی بازاڕی دراو و دروستکردنی هەڵکشان و داکشانی ئابووری، بژێو و ژیانی خەڵکیان کردووەتە ئامانج کە دەبێ بە وشیاری بەرپرسان بناسرێن و دادگایی بکرێن". سپای پاسدارانیش لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: "نائومێدکردن، بڵاوکردنەوەی ترس و هاندانی تەسلیمبوون بەرانبەر بە دوژمن لە دۆخی ئێستادا نموونەی بەرچاوی ڕەفتاری فیتنەگێڕانەیە". سپای پاسداران بە "فیتنە"

ناوبردنی ئەم ناڕەزایەتییانە و بە هەڕەشە و بەڵێنی بەرخوردی "لیبڕاوانە"، بە ئاشکرا مستە ئاسنین و خوێناوییەکانی خۆی لە بەرەوڕووبوونەوەی ناڕەزایەتییەکانی ٨٨ و ڕاپەڕینەکانی بەفرانباری ٩٦، خەزەڵوەری ٩٨ و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ١٤٠١ بە ڕووی خەڵکی ئێراندا کێشا

ئەوەی دەسەڵات وەک "تێکدانی نەزمی ئابووری" باسی دەکات، لە ڕاستیدا نیشانەی هەڵوەشانەوەی نەزمی سەرمایەیە لەژێر سایەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا. ئەم دۆخە و ڕەهەندە سامناکەکانی هەڵاوسان و گرانی و هەژاری و نەهامەتی ئابووری، نەک تەنیا نیشانەی بنبەستی ئیسلامی سیاسی وەک مۆدێلێکی حکوومەتی و داڕمانی سیاسەتە ستراتیژییەکانی کۆماری ئیسلامییە لە بوارە جیاوازەکاندا، بەڵکوو لە هەمان کاتدا شکست و ناکارامەیی مۆدێلە جۆراوجۆرەکانی سەرمایەداری، لە سەرمایەداری دەوڵەتییەوە بگرە تا نیۆلیبڕالیزم و شێوازە تێکەڵاوەکانی بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم قەیرانانە نیشان دەدات. لە پێکهاتەی گەندەڵ و مافیایی کۆماری ئیسلامیدا، قۆرخکارانی سەرەکی هەر ئەو تۆڕە نیمچەنیزامی و ڕانتخۆرانەن کە کۆنترۆڵی هاوردە، هەناردە و بازاڕی دراویان لە دەستی خۆیاندا قەتیس کردووەتەوە. ئەم تۆڕانە نەک تەنیا هۆکاری سەرەکی دۆخی ئێستان، بەڵکوو لە ناسەقامگیری ئابووری قازانج دەبەن؛ چونکە هەر هەڵکشان و داکشانێکی دراو، دەرفەتێکی نوێ بۆ تاڵانکردنی گیرفانی خەڵک دەڕەخسێنێت

چاوگێڕانێک بەسەر پرۆژەیاسای بودجەی ١٤٠٥ بە ڕوونی دەری دەخات کە حکوومەتی ئیسلامی بەپێی ماهییەتی چینایەتی سیاسەتەکانی، هیچ ئیرادەیەکی بۆ باشکردنی بژێوی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگا نییە. بەهۆکاری ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشت بە ستراتیژی توندکردنەوەی سەرکوت دەبەستێت، بۆ دەربازکردنی دامودەزگا و بورۆکراسییپان و بەرینی دەوڵەت لە مەترسی مایەپووچبوون و بۆ بەهێزکردنی ماشینە سەرکوتگەرەکەی، بودجەی ئەرتەش و سپای پاسداران و هەموو دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکان و پڕۆپاگەندەی مەزهەبی بە شێوەیەکی بەرین زیاد کردووە و تێچووی قورسی قەیرانی ئابووریی خستووەتە سەر شانی چینی کرێکار و توێژە هەژار و پەراوێزخراوەکانی کۆمەڵگە

لە بەرانبەر ئەم هەڵاوسان و گرانییە سامناکە و هەژاری و نەهامەتییە بێوێنەیە و ئەو پەلامارە بەربڵاوەی کە ڕژیمی گەندەڵ و جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵک ڕێکی خستووە، ڕێگایەک نییە جگە لە پەلاماری بەرانبەر. کرێکاران کە حەقدەستەکانیان چەندین بەرانبەر لەژێر هێڵی هەژارییەوەیە یان بێکارن، خەڵکێک کە زیاتر لە سەدا ٦٠یان لەژێر هێڵی هەژاریدا مەرگی شێنەیی ئەزموون دەکەن، مامۆستایان و خانەنشینانێک کە لە دەست هەژاری دەناڵێنن، چیتر ڕێگایەکیان بۆ پاشەکشە نەماوە. خەڵک نابێ ڕێگە بدەن کە ئەم ڕژیمە جەنایەتکارە تێچووی قورسی بەپێوەڕاگرتنی دەزگای گەندەڵی دەوڵەت و ئۆرگانەکانی سەرکوت و پڕۆژە ئەتۆمی، سەربازی و ئەمنییەکان و دەزگای تەبلیغاتی خۆی بەسەر سفرەی بەتاڵی ئەواندا بسەپێنێت

بۆ پاشەکشەپێکردنی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران، لەکارخستنی ماشینی سەرکوت و پاڵنان بە ڕژیم بەرەو هەڵدێری ڕووخان، ڕێگایەک نییە جگە لە پەرەپێدان و سەرانسەریکردنەوەی مانگرتنە کرێکارییەکان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان. لەم مەسیرەدا خەڵک دەبێ تەواو وریا بن و ڕێگە نەدەن دەزگای ئەمنی و ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بە مەیداندان بە گرووپێکی سەڵتەنەت تەڵەبی کۆنەپەرست، خەباتی ئازادیخوازانە و بەرابەری تەڵەبانەی ئەوان بەلاڕێدا بەرن و هەر ئەم تاکتیکە بخەنە خزمەت زەربەلێدان لە ئیعتباری خەباتی خەڵک و توندترکردنەوەی سەرکوت. پەلاماری بەربڵاو و بێسنووری ڕژیمی ئیسلامی بۆ سەر ژیان و بژێوی خەڵک، بانگەوازی سەرجەم کرێکاران، زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران دەکات بۆ ناڕەزایەتی و خەباتێکی یەکگرتوو و یەکپارچە دژی دۆخی مەوجوود. ڕەمزی پێشڕەوی لە ڕێکخراوبوون، پێکهێنانی ڕێبەریی سەرانسەری و لە گەشەپێدانی ئاسۆی شۆڕشگێڕانە و ڕزگاریبەخشی سۆسیالیستیدایە

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، یەکسانی، حکوومەتی کرێکاری**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

٨ی بەفرانباری ١٤٠٤

٢٩ی دێسامبەری ٢٠٢٥

***

# ڕاگەیەندراوی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ مەحکوومکردنی کوشتار، دەستبەسەرکردن و بانگهێشتی چالاکانی سیاسی لە کوردستان

## تەنیا بە ناڕەزایەتیی یەکگرتووانە و یەکپارچە دەتوانرێ ئەم شەپۆلی سەرکوتە پاشەکشەی پێ بکرێت

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە ڕووبەڕووی شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران دژی گرانی و بەرزبوونەوەی ڕۆژانەی نرخی کاڵا سەرەکییەکان و دابەزینی بەهای تمەن بووەتەوە، وەڵامی داخوازیی کرێکاران و جەماوەری ناڕازی بە گوللە، کوشتار، گرتن و بانگهێشتکردن و ئازار و ئەزیەت دەداتەوە. ئەم ڕژیمە جەنایەتکارە لە وەڵامی شەپۆلی ناڕەزایەتییەکاندا کە ڕۆژی یەکشەممە ٧ی بەفرانبار لە بازاڕی تارانەوە دەستی پێ کرد وبۆ زیاتر لە ٤٠ شاری ئێران پەرەی سەند، بە ناردنی هێزە سەرکوتگەرە ئەمنیەتی و نیزامییەکان پەلاماری خەڵکی ناڕازی داوە. بەپێی ئامارە بڵاوکراوەکان، لە ئاکامی هێرشی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی ئیسلامیدا لە ماوەی ٨ ڕۆژی ڕابردوودا لانی کەم ١٧ کەس لە ناڕازییان بە تەقەی ڕاستەوخۆی بەکرێگیراوانی ڕژیمی ئیسلامی سەرمایە گیانیان بەخت کردووە؛ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بریندار بوون و زیاتر لە ٦٠٠ کەسیان دەسبەسەر کردووە و هەزاران کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی بانگهێشت و هەڕەشەیان لێ کراوە. ئەم کردەوە جەنایەتکارانەیە بەشێکە لە ڕێکاری بەرنامە بۆ داڕێژراوی دەسەڵاتێک کە مانەوەی خۆی لە خامۆشکردنی هەر چەشنە ناڕەزایەتییەکی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە

لەم پەیوەندییەدا لە شارەکانی کوردستانیش لەوانە مەلەکشایی و ئیلام، زیاتر لە دە کەس لە خەڵکی ناڕازی دژبە دۆخی ژیانی پڕ لە نەهامەتی، بە تەقەی ڕاستەوخۆی گوللەی جەنگی بەکرێگیراوانی حکوومەتی ئیسلامی کوژراون. ئەو گیانبەختکردووانەی ناسنامەیان ئاشکرا بووە بریتین لە: «ڕەزا عەزیمزادە، فارز ئاغامحەممەدی، محەممەد مۆقەدەسی (بزونە)، مەهدی ئیمامیپوور و لەتیف کەریمی». ڕەهەندی تاوانەکانی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تەنیا بە کوشتاری سەر شەقام سنووردار نەماوەتەوە و هێزە ئەمنییەکان بە مەبەستی دەسبەسەرکردنی برینداران و بە بارمتەگرتنی تەرمی گیانبەختکردووان، بە شێوەیەکی وەحشیانە هێرشیان کردووەتە سەر نەخۆشخانەکانیش. هەروەها لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا دەیان کەسی دیکە لە خەڵکی شارەکانی کرماشان، نووراوا، هەرسین، دێهلۆڕان، مەلەکشایی، ئاودانان و سەراوڵەیان دەسبەسەر کردووە کە چارەنووسیان نادیارە.

سەرەڕای ئەوە، ڕۆژی یەکشەممە ١٤ی بەفرانبار لە شاری سنە، دەزگا سیخوڕی و ئەمنییەکان بە هێرشی وەحشیانە بۆ سەر ماڵی چالاکانی سیاسی، مەدەنی و ژینگەپارێزی، دە کەس لەوانە بەیان فەرەجوڵڵاهی، خالید سەیفپەناهی، ئارمان سەلیمی، قانع خاتری، دلێر ئەسکەندەری، جەمال خودارەحمی، کەیوان زەند کەریمی، شاهۆ محەممەدی، وریا موعید و خەبات ئەسەدی-یان دەسبەسەر کردووە و ڕەوانەی شوێنێکی نادیاریان کردوون. ئەم کردەوە دژیمرۆییانە نیشانەی ترس و وەحشەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و دیمەنێکی دیکەیە لە سیاسەتی هەمیشەیی سەرکوت، تۆقاندن و کوشتنی ناڕازییانێک کە لە بەرانبەر سەپاندنی هەژاری و برسیەتی، هەڵاواردن و زەوتکردنی ئازادی ڕاپەڕیون. ڕژیمی ئیسلامی کە لە قەیرانی قووڵی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ناوچەیی، نێونەتەوەیی و لە قەیرانی مەشرووعییەتدا دەست و پێ لێدەدات، بە پەنابردن بۆ کوشتار و سەرکوت ناتوانێ درێژە بە دەسەڵاتەکەی بدات و بێگومان بە پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتییە ڕێکخراوەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دەڕووخێت

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، وێڕای دەربڕینی هاوخەمیی قووڵی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی گیانبەختکردووانی شەپۆلی نوێی بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک لە سەرانسەری ئێران و بەرزڕاگرتنی یادی



گیانبەختکردووان، کوشتار، گرتن، بانگهێشت و هەڕەشەکردن لە نارازییان لەلایەن حکوومەتی ئیسلامییەوە بە توندی مەحکووم دەکات

خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان!

ناڕەزایەتییەکانی سەر شەقام یان مانگرتنی گشتی و یان هەر چەشنە شێوازێکی دیکەی دەربڕینی ناڕەزایەتی، مافی سەرەتایی و بێ شەرت و مەرجی ئێوەیە لەدژی گرانی و هەڵاوسانی ڕەها و هەژاری و نەهامەتی ئابووری و بێمافییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەر زۆرینەی خەڵکدا سەپاندوویەتی. ئەزموونی عەینیی ئەم چەند مانگەی ڕابردوو و شەپۆلی لەسێدارەدانەکان، دەسبەسەرکردنی بەکۆمەڵی چالاکانی کۆمەڵایەتی، بانگهێشت و گرتن، دەرکردنی مامۆستایان و بەدواداچوونی ئەمنیەتی بۆیان، کوشتاری کۆڵبەران، خۆکوژییەکان و ئەو هەژاری و گرانییەبێوێنەی کە بەسەر خەڵکدا سەپێندراوە و لە ئاکامدا هەزاران بنەماڵە لێکهەڵوەشاون، ئەوە نیشان دەدات کە تێچووی چاوەڕوانی زۆر قورسترە لە تێچووی ناڕەزایەتی. لەم ڕووەوە، کۆمەڵە داوا لە کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی خەباتکاری کوردستان دەکات کە لەدژی ئەم شەپۆلی کوشتار و گرتنانە و لەپێناو هاوپشتی لەگەڵ شەپۆلی نوێی ڕاپەڕینی سەرانسەری، بە شێوەیەکی یەکپارچە و یەکگرتووانە دەست بدەنە ناڕەزایەتی. بەشداری بەربڵاو، یەکپارچە و یەکگرتووانەی خەڵک چ لە مانگرتنی گشتی و چ لە خۆپیشاندانەکانی سەر شەقام، دەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر هێز و توانای سەرکوتی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی پووچەڵ بکاتەوە و ڕیزەکانیان تێک بشکێنێت

سەرکەوێ بزووتنەوەی ناڕەزایەتی دژی ڕژیمی ئیسلامی

بڕووخێ کۆماری ئیسلامی

بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

بژی سۆسیالیزم

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

١٤ی بەفرانباری ١٤٠٤

٤ی ژانویەی ٢٠٢٦

*** 

## ڕاگەیەندراوی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

# لە دژی ستراتیژیی ترامپ و ڕاستی نوێ لە ئەمریکا
# دەستێوەردانی ئیمپریالیستی لە ئەمریکای لاتین و مانۆڕی شەڕخوازانە لە ڤێنێزوێلا مەحکووم دەکەین

لە مانگەکانی ڕابردوودا، سیاسەتی دەستێوەردەرانە، «ڕژیمچەینجی» و شەڕخوازانەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە وڵاتانی جۆراوجۆری ئەمریکای لاتین پەرەی سەندووە. تەوەری سەرەکی سیاسەتەکانی ترامپ، بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ڕەوتە چەپەکان و پشتیوانی لە «ڕاستی نیۆفاشیستی» لە دژی حیزب و بەرە چەپەکان لە ئەمریکای لاتین بووە. ئەم سیاسەتانە لە شێوازی جۆراوجۆردا وەک پەرەپێدانی گەمارۆکان، گوشارە دیپلۆماتیکەکان، دەستێوەردان لە هەڵبژاردنەکان و پشتیوانی ئاشکرا و ڕاشکاو لە هێزە ڕاستە فاشیستەکان لە وڵاتانی وەک بەڕازیل، کووبا، ئێلسالڤادۆر، بۆلیڤی، نیکاراگوئە، گواتیمالا و... دەرکەوتووە

لەم دواییەدا دەوڵەتی ترامپ بە ئاشکرا دەستێوەردانی لە هەڵبژاردنەکانی ئارژانتیندا کرد و بە ڕاگەیاندنی پشتیوانی دارایی و ئەنجامدانی پڕوپاگەندەی بەربڵاو، زەمینەی بۆ زیادبوونی دەنگەکان و هەڵبژاردنەوەی «خاڤیێر میلی»، کەسایەتی سەر بە باڵی ڕاست، خۆش کرد. هەڵبژاردنەکان لە هێندۆراس بە دەستێوەردانی ئەمریکا بە قازانجی ڕاستەکان کۆتایی هات. لە هەڵبژاردنەکانی شیلیشدا، «خۆزێ ئەنتۆنیۆ کاست»، بەربژێری ڕاستڕەوی لایەنگری ترامپ و داکۆکیکاری پینۆشە، بە بەڵێنی قەرزە کەڵانەکان و پشتیوانیی دارایی، سیاسی و دیپلۆماتیکی ئەمریکا، دەنگێکی بەرچاوی بەدەست هێنا. لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەفتەکانی ڕابردوودا، سیاسەتی ئاشکرای «ڕژیمچەینجی»ی دەوڵەتی ترامپ دژی دەسەڵاتی «نیکۆلاس مادۆرۆ» لە ڤێنێزوێلا دەرکەوتەیەکی بەرچاوتر و دەنگدانەوەیەکی بەربڵاوتری لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەبووە

ئەمریکا بە ئاشکرا و بە بیانووی جۆراوجۆر لەوانە بانگەشەی گاڵتەجاڕانەی «بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان»، کەشتییە جەنگییەکانی خۆی ڕەوانەی ناوچەی کارائیب کردووە و تا ئێستا دوو کەشتی هەڵگری نەوتی ڤێنێزوێلای دەستبەسەر کردووە. هەروەها داوای دەستلەکارکێشانەوەی مادۆرۆی کردووە و تەنانەت هەڕەشەی دەستێوەردانی سەربازی بۆ ڕووخاندنی لێ کردووە. ئەم کردەوانە پێشێلکردنی ئاشکرای ماف و پەیوەندییە نێونەتەوەییە بۆرژوا-لیبراڵییەکان و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆیە لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دیکەدا؛ مافگەلێک کە لیبراڵ-دیموکراسییەکان بەردەوام بەقسەی خۆیان پارێزگاری لێدەکەن. هەرچەندە پووچەڵبوونی ئەم ئیدیعایانە بەهۆی کوودەتا جۆراوجۆرەکانەوە، بەتایبەت لە ئەمریکای لاتین، چەندین جار سەلمێنراوە

پێداگری لەسەر مەحکوومکردنی سیاسەتی دەستێوەردان و شەڕخوازانەی ئەمریکا، بە هیچ شێوەیەک بە واتای چاوپۆشیکردن لە ناکارامەیی، سنووردارێتی یان گەندەڵیی حیزب و بەرە پەرلەمانتاریستە چەپەکان لە ئەمریکای لاتین نییە. لەم ناوچەیە و لە حەوزەی کارائیب، لە سەرەتای سەدەی ئێستاوە و لە ماوەی زیاتر لە دەیەیەکدا، کۆمەڵێک بزووتنەوەی پێشکەوتووخواز دژی سیاسەتە نیۆلیبراڵییەکانی سەرمایەداری و لەپێناو باشترکردنی دۆخی ژیان سەریان هەڵدا. ئەم بزووتنەوانە دەرفەتێکیان خستە بەردەم حیزب و بەرە چەپەکان یان ئەوانەی بانگەشەی چەپبوونیان دەکرد تا بە گەڵاڵەکردنی داخوازیگەلێکی وەک تەندروستی گشتی، خوێندنی خۆڕایی، دەستەبەرکردنی مافی ژنان، باشترکردنی دۆخی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، بەهێزکردنی یەکێتییە کرێکارییەکان و پەرەپێدانی ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان، دەسەڵاتی پەرلەمانی بەدەست بێنن و هێندێک ڕیفۆرمیش ئەنجام بدەن

بەم حاڵەوە، لە ماوەی دەیەی ڕابردوودا، ئەگەرچی ئەم بزووتنەوانە دەسکەوتی گرنگیان هەبووە، بەڵام زۆربەی حیزب و بەرە ئاماژەپێکراوەکان، چ بە ویستی خۆیان و چ لە ڕووی ناچارییەوە و لەژێر کاریگەریی ئەو سیاسەتانەی کە دامەزراوە بۆرژواییەکانی وەک سندوقی نێونەتەوەیی دراو و بانکی جیهانی دەیانسەپاند و یان لە ئاکامی گوشاری دیپلۆماتیکی زلهێزە سەرمایەدارییەکان و بەربەستە پێکهاتەییەکانی سیستەمی سەرمایەداری، نەیانتوانی یان نەیانویست بەڵێنەکانیان بەرنە سەر. بەم چەشنە، لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا، زۆرێک لەم حیزب و بەرانە بەناچار یان بە ویستی خۆیان ئاوێتەی سیستەمەکە بوون،دێفۆرمە یان ناکارامە بوون و یان تووشی گەندەڵی بوون

حکوومەتی مادۆرۆش لە ڤێنێزوێلا یەکێکە لەم نموونانە کە بۆ پاراستنی دەسەڵات، دەستی داوەتە گەندەڵی، باجدان بە نیزامییەکان و بەهێزکردنی پێگەی دارایی بۆرۆکرات و تەکنۆکراتە دەوڵەتییەکان و پەنای بۆ هەموو تاکتیکێک بردووە کە دەرەنجامەکەی بووەتە هۆی ئاوارەبوونی سەدان هەزار هاووڵاتی ڤێنێزوێلایی. سەرەڕای هەموو ئەمانە، ئەمە بنەمایەکی پەسەندکراوە کە خەڵکی هەر کۆمەڵگایەک دەبێ خۆیان چارەنووسی سیاسی خۆیان دیاری بکەن. ئەزموونیش نیشانی داوە کە کودەتاکان و سیاسەتەکانی «ڕژیمچەینجی»، بەکردەوە تەنیا بەرژەوەندی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و دەستنیشاندەکانیان دابین دەکات و زۆربەی کات دۆخەکە خراپتر دەکات؛ هەروەک چۆن لە عێراق و ئەفغانستان لەدوای هێرشی ئەمریکا ڕووی دا

هەروەها ئاوڕدانەوەیەک لە ئەزموونی ئەم حیزب و بەرانەی بانگەشەی چەپبوونیان دەکرد، جارێکی دیکە یەکێک لە بنەماکانی ستراتیژی سۆسیالیستی دەسەلمێنێتەوە کە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەناو پێکهاتەی دەوڵەتی بۆرژواییدا، کێشە و گرفتەکانی سەرچاوەگرتوو لە پێکهاتەی سەرمایەداری چارەسەر ناکات، بەڵکوو مەرجی پێویست، ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانە، تێکشکاندنی پێکهاتەی سیاسی و

دەزگای بۆرۆکراتیک-سەربازی بۆرژوایی و دامەزراندنی دەسەڵاتی شۆراییە بۆ پەرەپێدانی خۆشگوزەرانی، ئازادییە سیاسییەکان و دابینکردنی بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان. خاڵێک کە جەمعی ئێمە هەمیشە جەختی لەسەر کردووەتەوە

هەموو بانگەشە پاوانخوازییەکانی ئێستای ئەمریکا لەسەر بنەمای «بەڵگەنامەی ئاسایشی نەتەوەیی»ـە کە لەم دواییەدا لەلایەن ترامپەوە بڵاو کراوەتەوە. بەڵگەنامەیەک کە بە ڕوونی هێمای وەرچەرخانە بەرەو جیهانی فرەجەمسەری نوێ. بەشێکی گرنگی ئەم بەڵگەنامەیە، ستراتیژیی ئیمپریالیزمی ئەمریکا لە ناوچەی کارائیب و ئەمریکای لاتین ڕوون دەکاتەوە. کابینەی ترامپ لەم بەڵگەنامەیەدا جەخت لەسەر زیندووکردنەوەی «دۆکتۆرینی مۆنرۆ» دەکاتەوە؛ دۆکتۆرینێک کە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ساڵی ١٨٢٣ی ئەمریکا و پەیامەکەی لەو سەردەمەدا بۆ زلهێزە ئەورووپییەکان ئەوە بوو کە ئەمریکای لاتین بەشێکە لە حەوزەی نفووز و «حەوشەی خەڵوەت»ی ویلایەتە یەکگرتووەکان. هەر لەم سۆنگەیەوە، پیتەر هێگسێت، وەزیری جەنگی ئەمریکا، ڕایگەیاند: «لەگەڵ سەرۆککۆمار ترامپ، ئێمە بڕیارە حەوشەی خەڵوەتەکەمان وەربگرینەوە.»

خوێندنەوەی نوێ بۆ دۆکتۆرینی مۆنرۆ لەلایەن ترامپەوە لە «بەڵگەنامەی ئاسایشی نەتەوەیی»دا بە واتای بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هەژموونی ئابووریی چین و دەرکردنی ڕکابەرەکانە لە گۆڕەپانەکانی هەژموونی سیاسی، سەربازی و دیپلۆماتیک لە ئەمریکای لاتین. پەرەپێدانی گەمارۆکان، دەستێوەردان لە هەڵبژاردنی وڵاتانی جۆراوجۆر بە قازانجی ڕاستی نوێ، چەتەیی دەریایی و دەستبەسەرداگرتنی کەشتییەکان و سیاسەتی شەڕخوازانە و ڕژیمچەینجی لە ڤێنێزوێلا و دروستکردنی نائەمنی لە ناوچەکە، بەشە پێکەوەگرێدراوەکانی ستراتیژیی نوێی ئیمپریالیزمی ئەمریکان و بە ڕوونی بانگەشەی گاڵتەجاڕانەی «ئاشتیخوازی»ی ترامپ ئاشکرا دەکەن

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، وێڕای ڕاگەیاندنی هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران و زەحمەتکێشان، چەپی شۆڕشگێڕ و هێزە پێشکەوتووخوازەکان لە ئەمریکای لاتین، هەرچەشنە دەستێوەردانێکی فاشیستی و شەڕخوازانەی ئیمپریالیزمی ئەمریکا و هێزە کۆنەپەرستەکانی دیکە لەم ناوچەیە مەحکووم دەکات و خوازیاری ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتی و کۆتاییهێنانە بەم دۆخە مەترسیدارە

**بڕووخێت ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی!**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم!**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

٢٧ی دێسامبری ٢٠٢٥

٦ی بەفرانباری١٤٠٤

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری - حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلییەت

❊❊❊

## بانگەوازی هاوبەش

## بۆ پەیوەستبوون بە ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکان و پاشەکشەکردن بە ماشینی کوشتن و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی با یەکگرتوو و یەکپارچە بێینە مەیدان

ئەو ناڕەزایەتییانەی کە ڕۆژی یەکشەممە ٧ی بەفرانبار، هاوکات لەگەڵ هەشتەمین ساڵوەگەڕی ڕاپەڕینی بەفرانباری ١٣٩٦ و بەدوای هەڵاوسانی بێوێنەی بازاڕی دراو و کاریگەرییەکانی لەسەر گرانیی پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خەڵک دەستی پێکرد، ئێستا دەیەمین ڕۆژی تێپەڕاندووە. ئەم ناڕەزایەتییانە لە ڕۆژانی دواتردا بۆ زانکۆکان و دەیان شاری ئێران پەرەی سەند و ناڕازییان لە هەموو شوێنێک و لەسەر شەقام بە درووشمی سەرەکیی



«مەرگ بۆ دیکتاتۆر»، تەواوی پێکهاتەی دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییان کردووەتە ئامانج

لە بەرامبەر ئەم شەپۆلە نوێیەی ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکان کە ڕوو لە پەرەسەندنە، ڕژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی بە جێگیرکردنی هێزە ئەمنییەکان، پۆلیس و گاردی ویژە لە ناوچە جیاجیاکانی تاران و ئەو شار و ناوچانەی بوونەتە ناوەندی ناڕەزایەتییەکان و بە پەلاماردانی ڕیزی ناڕازییان و تەقەکردن لێیان، تا ئێستا گیانی ٣٦ تێکۆشەری ئەستاندووە، دەیان کەسی بریندار و زیاتر لە دوو هەزار کەسیشی دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندانەکان کردووە. هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی ئیسلامی لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا بە هێرشکردنە سەر ڕیزی خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی شارستانی مەلەکشاهی لە پارێزگای ئیلام و بە خەڵتانی خوێن کردنی ناڕەزایەتییەکانیان و بە هەڵکوتانە سەر نەخۆشخانەی شاری ئیلام بۆ بەبارمتەگرتنی برینداران و تەرمی گیانبەختکردووان، کە وەبیرهێنەرەوەی هێرشەکانی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل بۆ سەر نەخۆشخانەکانی غەززە بوو، دڕندەیی و وەحشیگەرییان گەیاندووەتە ئەوپەڕی خۆی

ئەم شەپۆلە بەهێزەی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی، لە درێژەی ڕاپەڕینە جەماوەری و سەرتاسەرییەکانی چەند ساڵی ڕابردوو و لە درێژەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ١٤٠١دا بۆ کۆتاییهێنان بە هەژاری و نەهامەتیی ئابووری، کۆتاییهێنان بە نادادپەروەری و هەڵاواردنە ڕەگەزی و نەتەوەییەکان، نەهێشتنی بێبەشییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و لە یەک کەلامدا بۆ «ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی» کەوتووەتە ڕێ. خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان هەروەک چۆن لە ڕەوتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا بە پێشەنگایەتی خۆیان وەک بەشێکی دانەبڕاو لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری هاتنە مەیدان و بە کردەوە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا سەلماندیان کە گەیشتن بە ئامانجەکانیان و پاشەکشەکردن بە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای یەکێتی و هاوپشتی لەگەڵ ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکان دەبیننەوە، پێویستە ئەمجارەش شانبەشان و هاوپشتی خەڵکی تێکۆشەری پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان پەیوەست بن بە ڕیزی ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکانەوە. پێویستە خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە لە سەرجەم شارەکان بە یەکپارچەیی و یەکگرتوویی بێنە مەیدان و وەڵامێکی لێبڕاوانە و شیاو بە جەنایەت و سەرکوتگەرییەکانی کۆماری ئیسلامی بدەنەوە

**کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان، خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**

لە کاتێکدا کە لافاوی خرۆشانی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران دژی ئەو دۆخە کارەساتبارەی کۆماری ئیسلامی بەسەر زۆرینەی خەڵکدا سەپاندوویەتی بەردەوامە، ئێمە واژۆکارانی ئەم بانگەوازە داوا لە ئێوەی خەڵکی ئازادیخواز دەکەین دەست بدەنە ناڕەزایەتیی

گشتی و سەرتاسەری دژی کۆماری ئیسلامی و جەنایەت و سەرکوتگەرییەکانی

داواتان لێ دەکەین وێڕای جەختکردنەوە لەسەر مافی سەرەتایی و بێمەرجی ئازادیی ناڕەزایەتیی سەر شەقام، تاوان و سەرکوتگەرییەکانی کۆماری ئیسلامی و پەلاماردانی ڕیزی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بە توندی مەحکووم بکەن و خوازیاری ئازادیی سەرجەم دەستبەسەرکراوان و زیندانیانی سیاسی بن. بە ناڕەزایەتیی یەکگرتووانەی خۆتان کۆماری ئیسلامی ناچار بکەن کە کۆتایی بە بانگهێشت و ڕاوەدوونان و گرتن و دۆسیەسازی دژی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بهێنێت

چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە شارەکانی کوردستان بە بەکارهێنانی داهێنان و ئەزموونەکانی خۆیان لە بواری گەیاندنی زانیاری لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و... بە ئامادەکردن و هێنانە مەیدانی بەرینی جەماوەر، بە ئامادەکاری و دەستپێکردنی ناڕەزایەتییەکان لەڕێگەی کۆبوونەوەی گەورە و ڕێگری لەوەی هێزە سەرکوتگەرەکان بتوانن ناڕەزایەتییەکان بکەنە شەڕ و تێکهەڵچوونی سەر شەقام، نە تەنیا دەتوانن هێزی سەرکوتی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی کاریگەر پووچەڵ بکەنەوە، بەڵکوو دەتوانن ڕیزەکانیان لەبەریەک هەڵوەشێنن. بێگومان ناڕەزایەتیی یەکپارچە، یەکگرتوو و سەرتاسەریی خەڵکی کوردستان دەتوانێت وەڵامێکی لێبڕاوانەبە جەنایەت و هەڕەشەکانی سەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بێت و یەکگرتوویی و هاوپشتیی خەڵکی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوە پێشکەوتنخوازە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان لە سەرتاسەری ئێران لە خەبات دژی ئەم ڕژیمە جەنایەتکارە پتەوتر بکات.

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە کوردستان**

**ڕێکخراوی کوردستانی ئیتحادی سۆسیالیستی کرێکاری**

**کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حێکمەتیست**

**کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١٧ی بەفرانباری ١٤٠٤

٧ی ژانویەی ٢٠٢٦

***

## ڕاگەیەندراوی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە هاوپشتی لەگەڵ خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران

## بژی خەبات دژی هەژاری، گرانی و هەڵاوسان، بۆ پێشەوە بەرەو شۆڕش

لەماەی ڕۆژانی ڕابردوودا، شەپۆلێک لە ناڕەزایەتی جەماوەری لە ژمارەیەک لە شارەکانی ئێران وەڕێ کەوتووە. ئەم ناڕەزایەتییانە کە لە ڕۆژی یەکشەممە ٧ی بەفرانباری ١٤٠٤ـەوە بەدوای بەرزبوونەوەی بێوێنەی نرخی دۆلار و هەڵکشانی توندی نرخەکان، بە ناڕەزایەتی کاسبکاران و خەڵک لە «بازاڕی گەورە»ی تارانەوە دەستی پێکرد، هەر لە سەعاتەکانی سەرەتادا شەقامی جمهووری و دواتر ناوچەکانی دیکەی تارانی گرتەوە. شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییەکان کە لە بێزاریی گشتی جەماوەر، لە ئاستەنگەکانی بژێوی خەڵک، لە گرانی بێسنوور و لەکەمبوونی حەقدەست و داهاتی کرێکاران و زەحمەتکێشانەوە سەرچاوە دەگرێت، لە ڕۆژانی دووشەممە و سێشەممەشدا درێژەی بوو و بە پەرەسەندنی بەرەو شارەکانی وەک ئیسفەهان، مەشهەد، کەرەج، هەمەدان، قیشم، کیش، مەلارد، مەمەسەنی و کرمان، ڕەهەندێکی بەرینتری بەخۆیەوە گرتووە




خێرایی پەرەسەندنی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان لە تارانەوە بۆ شارەکانی دیکە، هاوڕێ لەگەڵ بەرزکردنەوەی دروشم دژی خامەنەیی و کۆماری ئیسلامی و پشتیوانی خێرای خوێندکارانی زانکۆکانی تاران و زانکۆکانی دیکەی وڵات، دەربڕی تووڕەیی و نەفرەتی پەنگخواردووی جەماوەری زەحمەتکێشە کە چیتر حازر نین جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی تەحەمول بکەن. دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و کۆنەپەرست کە ساڵانێکی دوور و درێژە خەڵکی ئێرانی سەرکوت کردووە، هەژاری و نەداری بەسەردا سەپاندوون و ملیاردها دۆلار لە دەسترەنجی کرێکاران و زەحمەتکێشانی بۆ شەڕئەنگێزی، پەرەپێدان بە هێزە نیابەتییەکان و دامەزراوە ئەتۆمییەکانی خۆی تەرخان کردووە. ڕژیمێکی گەندەڵ و ستەمکار کە سەرباری ئەو هەموو هەژاری و نەهامەتییەی بەسەر کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێراندا سەپاندووە، کەشێکی پڕ لە زەبروزەنگ و سەرکوتی بێسنووری بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ کردووە و هەر جووڵەیەکی ناڕەزایەتی خەڵکی بە گرتن و بەندیخانە و سێدارە و کوشتوبڕ


وەڵام داوەتەوە. وەک چۆن لەم دوو ڕۆژەی ڕابردووشدا، بۆ بڵاوەپێکردنی جەماوەری ناڕازی گازی فرمێسکڕێژیان بەرکاهێناوە، زانکۆکانیان گەمارۆ داوە، خەڵکی ناڕازییان داوەتە بەر لێدان و لە هەندێ حاڵەتیشدا تەقەی ڕاستەوخۆیان لێ کردوون

ناڕەزایەتی ڕوو لە گەشەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هەر لەم چەند ڕۆژەی دواییدا بە ڕوونی دەریخستووە کە نەک تەنیا کوشتار و سێدارە و زیندان و ڕەشبگیرییەکانی ساڵانی ڕابردوو نەیتوانیوە خەڵکی ژێر ستەم، لە خەبات بۆ ڕزگاری لە هەژاری و نەهامەتی و هەڵاواردن سارد بکاتەوە، بەڵکوو جارێکی دیکە بە دروشمەکانی «مەرگ بۆ دیکتاتۆر»، «مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی» و «بژی ئازادی» هاتونەتە سەر شەقام و شەقامەکانیان کردووەتە مەیدانی نەبەرد لەگەڵ کۆنەپەرستانی دەسەڵاتدار. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە لەگەڵ پێکهاتنی شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییەکان، خوێندکارانی خەباتکاری زانکۆکانی تارانیش هەر لە سەعاتەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکانەوە بە وتنەوەی دروشمگەلی وەک «نە شا نە ڕابەری، دێموکراسی و بەرابەری»، «ژن، ژیان، ئازادی»، «نە پادگان نە بۆنگا، بژی دانشگا» و «خوێندکار دەمرێت، زەلیلی قبووڵ ناکات»، گۆڕەپانی زانکۆکانیشیان بە خەباتی سەر شەقامی خەڵکەوە گرێ داوەتەوە

لەم نێوەندەدا هێزێکی کەم و بەڕواڵەت سەڵتەنەتخواز – و بگرە نفووزییە ئەمنییەکان - هەوڵ دەدەن بە دزەکردنە ناو بەشێک لە کۆبوونەوەکانی خەڵکی تێکۆشەر و داغدار لە دەست هەردوو دەسەڵاتی کۆنەپەرستی «ئیسلامی و پاشایەتی» و بە بەرزکردنەوەی دروشم بە قازانجی ڕەزا پەهلەوی، ناڕەزایەتییەکانی ئێستای خەڵکی ئێران هەروەک ساڵی ١٤٠١ تووشی دووبەرەکی و لێکترازان بکەن. هەر بۆیە جێی خۆیەتی ژنان، لاوان و هێزە پێشڕەوەکان بە پەراوێزخستنی سیاسەتە نیۆفاشیستییەکانی ئەوان و هاوکات بە ئاشکراکردنی کردەوە فاشیستییەکانی ئیسرائیل و تەلەڤزیۆنە ڕاستڕەوەکانی «مەن و تۆ» و «ئێران ئینتەرناشناڵ»، لە ساختەکاری و دەنگخستنەسەر ڤیدیۆی خەباتی شەقامەکان، ڕەوتی خەباتی ڕوو لە گەشەی ئێستا خێراتر بکەن. هەروەها کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی ئێرانیش بە پەیوەستبوونی هەرچی زیاتریان بە ڕیزەکانی خەباتی سەر شەقام، ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بەرفراوانتر بکەن، یەکگرتوویی خەباتکارانەی خۆیان زیاتر لە جاران پتەو بکەن و ئەو کەسانەی کە هەوڵ دەدەن بە دزەکردنە ناو ڕیزەکانی خەباتیانەوە تەفرەقە و دووبەرەکی بنێنەوە، لە خۆیان دوور بخەنەوە

گرنگتر لە خەباتی سەر شەقامی جەماوەری ڕەنج و کار و هاوپشتیی خوێندکارانی خەباتکار و ئازادیخواز لەگەڵ خەباتی ئەوان لە ڕۆژانی ڕابردوودا، سەرهەڵدان و پەرەسەندنی مانگرتنە کرێکارییەکان و گرێخواردنی بە خەباتی سەر

شەقامی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانەوەیە. خواستێکی ڕەوا کە دەبێ بزووتنەوەی شەقام و بزووتنەوەی خوێندکاری لەم ڕۆژە چارەنووسسازانەدا لە چینی کرێکاری ئێرانی داوا بکەن. ئەوەی لە سێ ڕۆژی ڕابردوودا لە شەقامەکانی زیاتر لە دە شاری وڵاتدا شکڵی گرتووە و پێدەچێت لە ڕۆژانی داهاتوودا شارگەلێکی زیاتر بگرێتەوە، درێژەی خەباتی خەڵکی ستەملێکراوی ئێرانە لە بەفرانباری ٩٦، خەزەڵوەری ٩٨ و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی نیوەی دووەمی ساڵی ١٤٠١. بزووتنەوەیەکی مەزن و جێی شانازی کە تا لێواری ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی چوو، بەڵام لە نەبوونی ئامادەیی چینی کرێکار و لەژێر زەبری سەرکوت و کوشتاری دەسەڵاتدا لە پێشڕەوی وەستا



ئەزموونی بزووتنەوەی مەزن و شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی» و ڕاوەستانی لە نیوەی ڕێگەدا، وەک مەشخەڵێکی داگیرساو لە بەردەم خەباتی ئێستای خەڵکی ستەملێکراو و بەتایبەت چینی کرێکاری ئێراندایە. بێگومان ئەگەر کرێکارانی ئێران لەم ڕۆژە هەستیار و چارەنووسسازانەدا لە کارگە و کارخانە و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان، مانگرتنە پەرش و بڵاوەکانی خۆیان یەکدەست بکەن، چەرخی بەرهەمهێنان لەکار بخەن و یەکگرتوو و یەکپارچە بۆ ڕێکخستنی مانگرتنی سەرتاسەری دەست بەکار بن، بە دڵنیاییەوە ئەمجارە ئەوە کرێکاران و ژنان و کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی ئێرانن کە لەسەر وێرانەکانی کۆماری ئیسلامی ئاهەنگی سەرکەوتنی شۆڕش دەگێڕن

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بژی سۆسیالیزم**

٩ی بەفرانباری ١٤٠٤ی هەتاوی

واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت) و هەستەی ئەقەلییەت

❊❊❊

# بەیادی ئاخێزی مانگی بەفرانباری ٩٦، ئەو دە ڕۆژەی ئێرانی هەژاند

٧ی مانگی بەفرانبار، ساڵڕۆژی دەستپێکی ئاخێزی سەرتاسەریی بێبەشان و هەژارانی شارە لە مانگی بەفرانباری ٩٦دا. ئەم ئاخێزە کە پتر لە ٩٠ شاری ئێرانی تەنییەوە و بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ درێژەی بوو، ئێرانی هەژاند. هەشت ساڵ لەمەوبەر، سەر لەبەیانی ڕۆژی ٧ی مانگی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی، بەهەزاران کەس لە خەڵکی شاری مەشهەد هاتنە سەر شەقامەکان و لە ناڕەزایەتی دژبە هەژاری و گرانی، بێکاریی بەرین و گەندەڵی و دزی بەرینی کاربەدەستانی ڕژیمی ئیسلامی، درووشمیان بەرز کردەوە. ناڕەزایەتی هەژارانی شاری مەشهەد کە ڕیشەی لە هەژاری و فەلاکەتی ئابووری، توندتر بوونەوەی ناکۆکی چینایەتی و بێمافی بێسنووری سیاسی و ڕق و بێزاری لەدژی گەندەڵی و دزیی کەڵانی بەرپرسانی ڕژیم دابوو، هەر وەك چەخماخەیەك، بڵێسەی ئاگری ئاخێزی سەرتاسەری دژبە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، هەڵگیرساند. دەتکوت ژان و ئازاری هاوبەش و نەفرەت و ناڕەزایەتی گشتی لە نیزامی سیاسی و چیناەیەتی زاڵ و باوەڕ بە ئیسلاح نەکرانی کۆماری ئیسلامی، یەك شەوە، زۆرینەی هەژاران و ڕەنجدیتوانی کۆمەڵگای ئێرانی پێکەوە پەیوەند دابوو. هەژاران لە دەیان شارەوە هاتنە سەر شەقامەکان، لاوان بە گڕوتینێکی کەم وێنەوە سینگیان کردە قەڵغان و بە دەنگی بەرز، درووشمەکانی "مەرگ و نەمان بۆ ڕووحانی" مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆر"، ئیسلاح تەڵەب، ئۆسوولگەرا ئیتر تەواو بوو ماجەرا" و "نان، کار ئازادی"یان بەرز کردەوە و بە درووشمی "مەترسن مەترسن، ئێمە هەموو پێکەوەین" بەرەنگاری هێزە سەرکوتگەرەکان بوونەوە

بەڵام ئاخێزی سەرتاسەری مانگی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی، ڕووداوێکی لەناکاو نەبوو. بەڵکوبەرهەمی وێرانکەری سیاسەتی نێئۆلیبڕالیسمی ئابووری و بارودۆخی نالەباری ژیانی کرێکاران و خەڵکی بێبەشی کۆمەڵگا بوو، زۆر پێشتر، بەستێنەکانی ئاخێزی سەرتاسەری ئەم ئاخێزە جەماوەرییەی ئامادە کردبوو و ڕەوتی ڕوو لە گەشەی مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاری لە ناوەندە گەورەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری و خەباتی جەماوەری، ئەگەری سەرهەڵدانی ئەم ئاخێزە سەرتاسەرییەی حەتمی کردبوو. کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران، ساڵانێك بوو کە لە هەژاری، بێکاری ملیۆنی و نەبوونی ئەمنییەتی پیشەیی، لە نەدرانی حەقدەستی چەند قات ژێر هێڵی هەژاری، لە دیاردەی منداڵانی کار و سەرشەقام و پەرەسەندنی ئازارە کۆمەڵایەتیەکان، وەگیان هاتبوون. لەم بارودۆخە کارەساتبارەدا، پێداگری دەوڵەتی ڕووحانی لەسەر درێژەی خسووسی سازی و بەکردەوە دەرهێنانی بەرنامەی نێئۆلیبڕاڵی، بارودۆخەکەی ئەوەندەی دیکەش دژوارتر کردبوو. لە لایەکەوە، درێژەی ئەم بارودۆخە فەلاکەتبارە و لە لایەکی دیکەشەوە، داسەپاندنی هەزینەی قورسی دەخاڵەتی نیزامی و پشتیوانی لە ڕەوتە تیرۆریستەکان لە ناوەندە قەیراناوییەکانی ناوچەکە بەسەر ژیانی خەڵکی ئێران، ئاشکرا بوونی پەروەندەی گەندەڵی و دزی هەزاران ملیارد تمەن و لەقاودانی جەنایاتێك کە سەرانی ئەم ڕژیمە دەرحەق بەخەڵکی ئێران ئەنجامیان دابوو، کاردی گەیاندبووە سەر ئێسقانی کرێکاران و توێژە ستەملێکراوەکانی کۆمەڵگای ئێران. ئاخێزی سەرتاسەری مانگی بەفرانبار، ڕیشەی لەم حەقیقەتانەی ژیان دا بوو. لە وەها بارودۆخێکدا، شەپۆلی ڕاپەڕین کەوتە ڕێ و کرێکاران و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا، لە جەرەیانی ئەم ئاخێزەدا، بەئاشکرا نیشانیان دا کە چیتر نایانهەوێ وەك ڕابردوو بژین

دوژمن کە بەهۆی خێرایی سەرسووڕهێنەری ناڕەزایەتییەکان، خافڵگیر ببوو، بەخۆیدا هاتەوە و هێزی سەرکوتی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم ئاخێزە سەرتاسەرییە وەکار خست. خامنەیی ئەو ئیدیعا بێزراوەی هەموو دیکتاتۆرەکانی دووپات کردەوە و ئەم ئاخێزە جەماوەرییەی، بەرهەمی "پارە، چەك، سیاسەت و دەزگا ئەمنییەکانی دوژمن" پێناسە کرد. ڕووحانی ئێعتداڵگەرا و خاتەمی ئیسڵاحتەڵەب، خوازیاری بەرەنگاربوونەوەی یاسایی لەدژی "ئاژاوەگێڕان و تێکدەران"ی ئێران بوون. فەرماندەکانی سپای پاسداران، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیان داخست و هێزەکانی سارولڵا و بەسیجیان لە تاران و شارە گەورەکانی ئێران هێنایە مەیدان و حکوومەت نیزامییەکی توند و ڕانەگەیەندراویان بەڕێوەبرد. بەهۆی هێرشی هێزی سەرکوتگەر بۆسەر ڕیزی خۆپیشاندەران، دەیان کەس گیانیان لەدەست دا و بەسەدان کەس بریندار بوون و پتر لە سێ هەزار کەسیش دەستبەسەر کران

ئاخێزی مانگی بەفرانبار، بەشێوەی هاوئاهەنگ و سەرتاسەری و تێکەڵ لەگەڵ شەڕ و تێکهەڵچوونی سەرشەقامەکان، پاش دە ڕۆژ، خەوتەوە. بەڵام بێگومان کۆتایی هاتنی ئەم ئاخێزە، تەنیا بەهۆی هێزی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی نەبوو، بەڵکوو تێگەیشتن و پێگەیشتوویی سیاسی بەڕێوەبەرانی ئەم ئاخێزە، لە پانتای کۆمەڵایەتیدا، لە خەوتنەوەی ئەم ئاخێزەدا، دەور و نەخشێکی بەرچاوی بوو. هەژارانی ڕاپەڕیو، کاتێك بۆیان دەرکەوت کە جلی شۆڕش هێستا بۆ جەستەی ئەم ئاخێزە نابێ و ئامادەی نەبەردی نیهایی نین، کاتێك کە زانییان چینی کرێکار لە بواری ڕێکخستن و ڕێبەری سیاسییەوە هێشتا ئامادەی ئەوە نییە کە بە مانگرتنی سەرتاسەری خۆی ماشێنی سەرکوتی دوژمن زەمینگیر بکات، کاتێک کە بۆیان دەرکەوت پێداویستییەکانی ڕووخاندنی ڕژیم هێشتا ئامادە نەبووە، بڕیاراندا کە خەباتی خۆیان، لە شکڵ و شێوازی دیکەدا بەرەوپێش بەرن. بەڵام بەدەر لەوانە، ئاخێزی مانگی بەفرانبار، نیشانەی ئاڵوگۆڕێکی مەزن بوو لە وشیاری و زهنییەتی جەماوەر بەرامبەر بە ماهییەتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بێگومان، خەبات بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕژیمەی بردە قۆناعێکی تازەوە

ئاخێزی سەرتاسەریی مانگی بەفرانبار، وەك خاڵێکی وەرچەرخان، کۆتایی بە زاڵ بوونی وتاری ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی، بەسەر کەش و هەوای سیاسیی ئێراندا، هێنا. لە کاتی هاتنە سەر کاری دەوڵەتی خاتەمییەوە، بۆ

ماوەی ٢٠ ساڵ، ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی هەوڵیان دا، خەبات لە چوارچێوەی بەرتەسکی یاسای ئیسلامی، بکەنە بەستێنی سەرەکی ناڕەزایەتی دژبە بارووذۆخی زاڵ. پتر لە دوو دەیە بوو کە ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی، ژەهری ستراتێژی ڕێفۆرمخوازییان بەسەر گیان و جەستەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکاندا دەپژاند. لە کاتی "هەڵبژاردنەکان"دا، بژاردەی خراپ و خراپتریان، لەبەردەم خەڵك دادەنا. ئاخێزی مانگی بەفرانبار بارگەوبنەی ستراتێژ و وتاری ڕێفۆرمخوازانی تێکەوەپێچا

ئاخێزی مانگی بەفرانبار هاوسەنگی هێزی بە قازانجی بەرەی خەڵک گۆڕی و ڕووحێکی تازەی خستە ناو جەستەی خەباتی کرێکارییەوە. لەو کاتەوە هەتا ئێستا ڕەوتی بێ وەستان و ڕوو لە گەشەی مانگرتنی شکۆدار و ناڕەزایەتی کرێکاری لە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری، مانگرتن و ناڕەزایەتی سەرتاسەری موعەلیمان، بزووتنەوەی ناڕەزایەتی دژبە سیاسەتی وێرانکەری ژینگەیی ڕژیم، بە ڕوونی واقعییەتی بەردەوام بوون و ڕەوتی پێگەیشتنی ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان و خەباتی جەماوەریمان پێ نیشان دەدەن. هەروەها ئاخێزی سەرتاسەری خەزەڵوەری ٩٨ لە درێژەی ئاخێزی سەتاسەریی بەفرانباری ٩٦ و بێتوانایی و داماوی ڕژیم لە کۆنترۆڵ کردنی قەیرانەکان و وڵامدانەوە بە خواستی خێرا و کەڵەکە کراوی کرێکاران و جەماوەری بێبەشی کۆمەڵگا و حەتمی بوونی گەشەی خەباتی کرێکاری و جەماوەریی نیشاندا. هەژاران و بێبەشانی شار لە ئاخێزی مانگی خەزەڵوەر بە خۆڕاگری و پایەدارییەکی گیانفیدایانە کە لە بەرابەر سەرکوتی دڕندانە و خوێناوی حکوومەتی ئیسلامیدا لە خۆیان نیشانیان دا و بە هێرش بۆسەر بانک و ناوەندی نیزامی و مەزهەبی، ئەم هێمایانەی دەسەڵاتی سەرمایەی ئیسلامی، زەربەیەکی بەتەوژمیان لە ستراتێژی تێپەڕینی



هێمنانەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی دا و وتاری تێپەڕینی شۆڕشگێڕانە لە ڕژیمی ئیسلامییان بەهێزکرد

ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا کە بە شێوازی جۆراوجۆر بەتایبەت لە بەرەنگاری و خەباتی بوێرانەی ژنانی ئازادیخواز دژبە یاسای دژەژنی کۆماری ئیسلامیدا هەروا درێژەی هەیە، لە ئیدامەی ئاخێزی مانگی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ یەکێک لە بەرینترین و درێژماوەترین ئاخێزە ئینقلابییەکان بووە لەماوەی پتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا. ئەم ئاخێزە کە بەناوی ڕەمزی "ژینا"وە دەستی پێکرد، پشت ئەستوورە بە هەموو ئەم دەستکەوت و داتا بابەتییانەوە. لەم ڕووەوە بە شکۆیەکی چەند بەرابەر مەزنتر لە ئاخێزەکانی پێشوو هاتە مەیدان. ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، "نە ڕووسەری، نە تووسەری، ئازادی، بەرابەری"، "مەرگ بۆ دیکتاتۆر و مەرگ بۆ خامنەیی" و بە کردەوەی سەمبۆلیکی وەک فڕێدان و سووتاندنی حیجاب لەسەر شەقام و سەما و هەڵپەڕین لە دەوری ئاگر، یەکێک لە بنەماکانی ئایدیۆلۆژی حکوومەتی ئیسلامی تێکشکاند. ئەم ئاخێزە بە هێرشکردنە سەر بەهێزترین پێگەی ئیسلامی سیاسی و یاسای سەختی دینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، بزووتنەوەی ڕزگاری ژنی لە ناوچەکە بردە قۆناغێکی نوێوە و بوو بە هێمای بزووتنەوەی ڕزگاری ژن لەم ناوچەیە. ئەم بزووتنەوەیە بە دروشمی "مەرگ بۆ چەوسێنەر، چ شا بێت و چ ڕێبەر" کە لە شەقام و زانکۆکان دەنگی دایەوە نیشانی دا کە ئۆپۆزیسیۆنی خوازیاری دەسەڵاتی پاشایەتی هیچ پێگەیەکی لەناو ژنانی ستەملێکراو، کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگەدا نییە. ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیە لەبواری ڕەنگدانەوەی جیهانی و ڕاکێشانی پشتیوانی و هاوپشتی بیروڕای پێشکەوتنخواز لە سەرانسەری جیهان پێگەیەکی تایبەتی لە مێژووی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێراندا تۆمار کردووە

**بەرز و بەڕێز بێت یاد و بیرەوەریی گیانبەختکردووانی**

**ئاخێزی سەرانسەریی مانگی بەفرانباری ٩٦**

❊❊❊

## سازش لەگەڵ ئەمریکاش ناتوانێت ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەرباز بکات

توندبوونەوەی بێوێنەی قەیرانی ئابووری لە ئێران، کاربەدەستان و بەرپرسانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تووشی نیگەرانییەکی قووڵ کردووە؛ بە جۆرێک کە دەترسن درێژەکێشانی ئەم دۆخە ببێتە هۆی تەقینەوەی کۆمەڵایەتی و ڕووخانی دەسەڵاتە ئیسلامییەکەیان. سەرەڕای هەڵیت و پڵیت و چەواشەکاری بێشەرمانەی خامنەیی کە بانگەشەی ئەوە دەکات «ئێران لە حاڵی پێشکەوتندایە»، بەڵام بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار بۆ سەرووی ١٣٦ هەزار تمەن، توانای کڕینی کرێکاران و توێژە هەژار و نەدارەکانی کۆمەڵگای ئەوەندە دابەزاندووە کە ئێستا قەیرانی خۆراک و مەترسی قاتی و نەبوونی، هەڕەشە لە ژیانی دەیان ملیۆن کەس لە خەڵکی ئێران دەکات. ڕاپۆرت و شیکارییە کارناسییەکان و تەنانەت ئامارە فەرمییەکانی خودی ڕژیمیش دەرخەری ئەوەن کە لە ئاکامی توندبوونەوەی گەمارۆکاندا، دەوڵەت بۆ هاوردەکردنی کاڵا بنەڕەتییەکان ڕووبەڕووی کورتهێنانی جیدی دراو بووەتەوە و ڕێگاکانی دەوڵەت بۆ دەورلێدانەوەی گەمارۆکانیش زۆر سنووردار بوونەتەوە. ئەم مەسەلەیە هەندێک لە ڕەوت و مۆرەکانی حکوومەتی ئیسلامیشی تووشی وەحشەت کردووە. لەم پەیوەندییەدا مەرعەشی، سکرتێری گشتیی «حیزبی سازەندەگی»، کە نیگەرانی چارەنووسی دەسەڵاتە، هۆشدار دەداتە بەرپرسان و دەڵێت: «مەترسییەکە زۆر جیدی و نزیکە، چونکە قەیرانی خۆراک ئەو پتانسیلەی هەیە کە خەڵکی برسی و وەگیانهاتوو ڕابکێشێتە سەر شەقامەکان.»

لە کاتێکدا کە دەوڵەت لەگەڵ کەمبوونی پاشەکەوتی دراو بۆ دابینکردنی کاڵا سەرەکییەکان بەرەوڕووە، بۆ ڕێگری لە قاتی و نەبوونی، بەشێک لەو کاڵایانەی بە دۆلاری ١٢٥ هەزار تمەنی هاوردە کردووە. ئەمەش بووەتە هۆی هەڵئاوسان و بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و لە ئەنجامدا ڕژیم تێچووەکەی بەسەر سفرەی بەتاڵی خەڵکدا سەپاندووە. لەبەر ئەوەی دەوڵەت دراوی پێویستی بۆ هاوردەکردن نییە، دەستی هەناردەکارانی ئاوەڵا کردووە تا لە داهاتی هەناردەکانی خۆیان، کاڵای بنەڕەتی هاوردە بکەن. ئەم سیاسەتە بە واتای گرانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی نرخەکان لە بازاڕ، دەرچوونی کۆنترۆڵی نرخی خۆراک لە دەستی دەوڵەت و سەرهەڵدانی هەرجومەرجی ئابوورییە لە بازاڕدا

لە دۆخێکی ئاوادا، حکوومەتی ئیسلامی ئەمجارە ڕاستەوخۆ لە هەوڵدایە تا بەڵکوو بتوانێت لە ڕێگەی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا لەسەر دۆسیەی ئەتۆمی و هەڵگرتن یان هەڵپەساردنی هەندێک لە گەمارۆکان، خۆی لە ئاکامەکانی قەیرانی ئابووری و مەترسی ڕووخان ڕزگار بکات. لەم ڕووەوە، ئەمجارە عەباس عێراقچی بۆ خۆشکردنی زەمینەی تەسلیمبوون و سازش لەگەڵ ئەمریکا، دەستی داوەتە شیکردنەوەی دۆخی سیاسی و ئابووری ڕژیم. ناوبراو ڕۆژی پێنجشەممە چواری بەفرانبار لە کۆبوونەوەیەکدا لە ئیسفەهان وتی: «پیلانی نوێی دوژمن بۆ دروستکردنی قەیران و زیادکردنی ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی، هەوڵی ڕێکخراوی دەرەکی و کەڵک وەرگرتنە لە گەمارۆکان؛ تاوەکوو دەسەڵات و حکوومەتی ئیسلامی لە ناوەوە تووشی کێشە بکات». عێراقچی بۆ ئەوەی قسەکانی جێگای بڕوا بن، دانی بە بوونی گەندەڵی، ناکارامەیی، نەزانی بەڕێوەبەری و ڕۆڵی مافیای دەسەڵات لە خراپترکردنی دۆخی ئابووری حکوومەت دانا. عێراقچی لەم ماوەیەدا بەردەوام ئاماژەی بەوە کردووە کە ئێمە هەرگیز مێزی دانوستانمان بەجێ نەهێشتووە بەڵام خوازیاری دانوستانی «دادپەروەرانە»ـین بە ڕەچاوکردنی ڕێزی بەرامبەر. ناوبراو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خوازیاری گەڕانەوە بۆ سەر مێزی دانوستان و قبووڵکردنی مەرجەکانی ئەمریکایە. ئەو لە درێژەی قسەکانیدا دانی بەوەدا نا کە: «گرنگترین ئەرکی وەزارەتی دەرەوە لە هەلومەرجی ئێستادا هەوڵدانە بۆ هەڵگرتنی گەمارۆکان»

عێراقچی لە کاتێکدا ئەولەویەتی ئەرکی خۆی بە هەوڵدان بۆ لابردنی گەمارۆکان و وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا ڕادەگەیەنێت، کە ڕۆژێک پێشتر محەممەد ئیسلامی، جێگری سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمی ڕژیم لە پەراوێزی کۆبوونەوەی دەستەی دەوڵەتدا هەڵوێستێکی دیکەی گرتەبەر. ئەو ئەمریکای بە پەیڕەوکردنی یاسای جەنگەڵ و ڕافائێل گروسی، بەڕێوەبەری گشتیی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی

ئەتۆمی بەهۆی پێداگری لەسەر پشکنینی سایتە ئەتۆمییەکان، بە گێڕانی ڕۆڵی دوژمن تۆمەتبار کرد و وتی: «داخوازی ئەمریکا و سێ وڵاتی ئورووپایی بە ڕێبەری و پشتیوانی ڕەوتی زایۆنیستی ئەنجام دەدرێت و قابلییەتی ئیجرایی نییە؛ بەدواداچوونی بێڕەبت بۆ پشکنینی ئەو دامەزراوانەی بۆردومان کراون، تەواوکەری ئۆپەراسیۆنی دوژمنە و قبووڵ ناکرێت و وڵامیش نادرێتەوە»

ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ڕۆژێک پێشتر، واتە سێشەممە دووی بەفرانبار، نوێنەری ئەمریکا لە دانیشتنی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان وتی: «ئەمریکا ئێستایش بۆ وتووێژی ڕاستەوخۆ ئامادەیە، بەڵام کۆماری ئیسلامی مەرجەکانی ئەمریکای ڕەت کردووەتەوە». ناوبراو ڕوو لە نوێنەرانی ڕژیم لە نەتەوە یەکگرتووەکان بە هەڕەشەیەکی ناڕاستەوخۆ وتی: «لە ئاگر دوور بکەونەوە و دەستی دیپلۆماسی ترامپ بگرن. هیچ جۆرە پیتاندنێکی ئەتۆمی لە ئێران قبووڵ ناکرێت»

دیارە مەرجەکانی ئەمریکا بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، تەنیا ڕاگرتنی تەواوەتی پیتاندنی ئۆرانیۆم تا ئاستی سفر نییە؛ بەڵکوو داخوازی دیکەی وەک: لەناوبردنی ئۆرانیۆمی پیتێنراو و مووشەکە دوورهاوێژەکانی ڕژیم، دەستێوەرنەدان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە و ڕاگرتنی پشتیوانی لە گرووپە ئیسلامییە وابەستەکان لەژێر ناوی «میحوەری موقاوەمەت»یش لەخۆ دەگرێت. ئەم مەرجانە لەگەڵ ستراتیژی پاوانخوازانە و دەستدرێژیکارانەی تا ئێستای حکوومەتی ئیسلامی و لەگەڵ ناسنامەی ئەم ڕژیمە یەک ناگرنەوە

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بۆ خامنەیی ڕێگایەک جگە لە نۆشینی جامی ژەهری دانوستان لەگەڵ ئەمریکا و قبووڵکردنی مەرجەکانی نەماوەتەوە. بەڵام گەمارۆکان تەنیا یەکێک لە هۆکارەکانی توندبوونەوەی قەیرانی ئابووری حکوومەتی ئیسلامین. بە پێچەوانەی قسەی هەندێک لە مۆرە لیبراڵەکانی نێو ڕژیم کە «ئابووری ئێران لە دوو دەیەی ڕابردوودا بە بارمتەی بەرنامەی ئەتۆمی» دەزانن، زۆر هۆکاری دیکەی وەک: قەیرانی پێکهاتەیی ئابووری سەرمایەداری، گەندەڵی و دزی و تاڵانچێتی و ڕانتخۆری بەرینی سەران و بەرپرسان و فەرماندەکانی سپای پاسداران، لەگەڵ بەرنامە کەڵان و پڕخەرجییەکان بۆ مانەوەی دەسەڵات، لە هۆکارە سەرەکییەکانی توندبوونەوەی قەیرانی ئابووری، ئیفلاسی حکوومەتی ئیسلامی و پەرەسەندنی بێکاری و هەژاری و برسیەتین. لەم ڕووەوە، بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، بۆ ڕێبەران و چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێگایەک جگە لە درێژە و گەشەپێدان بە مانگرتن و ناڕەزایەتییە یەکگرتوو و ڕێکخراوەکان لەپێناو ڕووخاندنی حکوومەتی ئیسلامی و دەستەبەرکردنی داخوازییەکانیان بوونی نییە

❊❊❊




# به بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی زایینی ٢٠٢٦

ساڵی نوێی زایینی لە هەلومەرجێکدا دێت کە ئاکامە کارەساتبارەکانی قەیرانی پێکهاتەیی سیستەمی سەرمایەداری، ڕەهەندی ترسناکی بەخۆیەوە گرتووە. ئەم قەیرانە تەنیا لە بوارێکی ئابووریدا سنووردار نەماوەتەوە، بەڵکوو سەرجەم بوارەکانی دارایی، بازرگانی و کەرتە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێنانی گرتووەتەوە. بەرینایییەکەی تەنیا تایبەت بە کۆمەڵێک لە وڵاتانی سەرمایەداری نییە، بەڵکوو سەرجەم وڵاتانی جیهانی لە ئاست و شێوازی جۆراوجۆردا گرتووەتەوە و بەردەوامی و پێکەوەگرێدراوی ئەم قەیرانە، "دایمی بوونەکەی" کردووەتە خەسڵەتێکی دیاری سیستەمی سەرمایەداری.

ئەمڕۆ ناتەبایی و دژایەتییە زاتییەکانی ئەم سیستەمە بەئاشکرا بەرۆکی مرۆڤایەتییان گرتووە. داڕمانی ئابووریی یەک لەدوای یەک، پەرەسەندنی شەڕە وێرانکەرەکان، قوڵبوونەوەی بێوێنەی بۆشایی نێوان هەژاری و دەوڵەمەندی، پەرەسەندنی هەڵاواردن و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان و وێرانکردنی بێوێنەی ژینگە، هەموویان نیشانەکانی داڕمان و ئیفلاسی مێژوویی سیستەمێکن کە بەرهەمهێنان تێیدا نەک لەسەر بنەمای وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی مرۆڤ، بەڵکوو بۆ کەڵەکەکردنی قازانج ڕێکخراوە. لەم دۆخەدا زلهێزەکانی سەرمایەداری و دامەزراوەکانی وەک سندووقی نێودەوڵەتی دراوو بانکی جیهانی، وەک ئامرازەکانی سەرمایەداریی جیهانی، بە بەرنامەڕێژی و سەپاندنی سیاسەتەکانی ڕیازەتی ئابووری هەوڵ دەدەن ئەم نەزمە پڕلەقەیرانە بپارێزن

لەم بارودۆخەدا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەک هەمیشە یەکێکە لە ناوەندەکانی کێبەرکێی زلهێزە سەرمایەدارەکان و شوێنی تێکگیرانی بەرژەوەندییە ئیمپریالیستییەکان و ڕژیمە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەیە. پەرەسەندنی هەژاری، بێبەشییە کۆمەڵایەتییەکان، سەرکوت، شەڕ و ئاوارەیی، تایبەتمەندییە نەگۆڕەکانی ئەم نەزمە وێرانکەرەن لەم ناوچەیەدا. لە ساڵێکدا کە تێپەڕی، جینۆسایدی خەڵکی فەلەستین لە غەززە لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، بە پشتیوانی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و هاودەستی بەکردەوەی دەوڵەتانی ئورووپایی، یەکێک لەم نموونانە و یەکێک لە بێبەزەییترین تاوانەکانی مێژووی هاوچەرخی تۆمار کرد. ئەم کۆمەڵکوژییە و کاردانەوەی ڕای گشتی، وەرچەرخانێکی لە وشیاری سیاسی جیهانیدا دروست کرد. لە ناڕەزایەتی دژبەم جینۆسایدە و لەپێناو بەرگریکردن لە ئازادیی فەلەستین، یەک ملیارد مرۆڤ لە سەرانسەری جیهاندا ڕژانە سەر شەقامەکان و شەپۆلێکی کەموێنە لە هاوپشتی نێونەتەوەیی شکلی گرت. لەگەڵ ئەوەشدا، بزووتنەوەی جیهانی پشتیوانی لە فەلەستین، سەرەڕای بەرینایی و قووڵاییە مرۆییەکەی، بەهۆی لاوازی ڕێکخراوبوونی چینی کرێکار لە ئاستی جیهان و بەهۆی نەبوونی ئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانە و ڕزگاریبەخش، نەیتوانی ئەم تووڕەیی و هاوپشتییە جیهانییە بکاتە هێزێکی کاریگەر بۆ ڕاگرتنی ماشینی جەنگی دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیل، پووچەڵکردنەوەی نەخشە ئیمپریالیستییەکان و گۆڕینی بۆ گوشارێک لەپێناو ئازادی خەڵکی فەلەستین. ئەم دۆخە، لە هەمان کاتدا جەختکردنەوەیەکە لەسەر پێویستی بنیاتنانەوەی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کرێکاری

تراژێدییەکی خوێناویی دیکەی ساڵی ڕابردوو، کۆمەڵکوژی خەڵکی سوودان بوو بە دەستی هێزە میلیشیاکانی ناسراو بە "هێزەکانی پشتیوانی خێرا".ئەم هێزانە بە پشتیوانی دارایی و سیاسی ئیمارات و چرای سەوزی زلهێزە ئیمپریالیستەکان، شار و گوندەکانی سوودانیان کردە مەیدانی کوشتاری خەڵکی ئاسایی و بێدەرەتان. ئەم کارەساتە تەنیا کێشەیەکی ناوخۆیی نییە، بەڵکوو نموونەی بەرچاوی لۆژیکی ئیمپریالیزمی سەدەی بیستویەکە کە پەرەپێدانی هەژموونی خۆی لە ڕێگەی هێزی نیابەتی و شەڕیچەندلایەنە و بە بەهای خەڵتانی خوێنکردنی ژیان و بوونی مرۆڤەکان دەباتە پێشەوە. سوودان، هەروەک فەلەستین، یەمەن و شوێنەکانی دیکەی جیهان، قوربانی کێبەرکێی ئیمپریالیستییە لەسەر سەرچاوە سروشتییەکان و پێگەی ژئۆپۆلیتیک؛ ئەو شوێنەی کە شەڕ بۆ بەردەوامی دەسەڵات و قازانج ڕێک دەخرێت

لە ئورووپا، قەیرانی سەرمایەداری بووەتە هۆی پەرەگرتنی هێزە ڕاستڕەوە توندئاژۆ و دەسەڵاتخوازەکان. حیزبە فاشیستەکان بە کەڵکوەرگرتن لە ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، تووڕەیی چینایەتی بەرەو ڕق و نەفرەت دژ بە پەنابەران و کۆچبەران بەلارێدا دەبەن. هاوکات، لیبراڵیزمی ڕۆژئاوایی کە سەردەمانێک خۆی بە پارێزەری ئازادی دەزانی، بە سەرکوتکردنی ناڕەزایەتی دژ بەشەڕەکان و سنووردارکردنی ئازادییە سیاسییەکان، ڕوخساری ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا کردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، مانگرتنە بەرینە کرێکاری و جەماوەرییەکان لە وڵاتانی جۆراوجۆری ئورووپا، نیشاندەری گەڕانەوەی خەباتی چینایەتییە بۆ ناو دڵی وڵاتە پێشکەوتووەکانی سەرمایەداری

لە ساڵی ڕابردوودا، لەسەر بەستێنی بەردەوامی ئەم قەیرانە و پەرەسەندنی هەژاری و نایەکسانی لە شوێنە جیاوازەکانی جیهان، شایەتی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان بووین دژی سەرکوت و ئیستبداد، گرانی، هەژاری و نەهامەتی ئابووری. لە وڵاتانی وەک نیپاڵ، ئەندۆنێزی و سریلانکا، تەقینەوەی ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی پایەکانی ڕژیمە بۆرژوازییەکانی هێنایە لەرزین. بەڵام، نەبوونی ڕێکخراوەی چینایەتی، پەرتەوازەیی هێزە کرێکارییەکان و نەبوونی ڕێبەرییەکی شۆڕشگێڕ بە ئاسۆیەکی سۆسیالیستییەوە، بووە هۆی ئەوەی کە ئەم ڕاپەڕینانە تەنیا بە گۆڕانکاری سنووردار لە ئاستی حکوومەتەکان کۆتاییان بێت و هەمان چینە دەسەڵاتدارەکان، بە ڕوخسارێکی تازەوە، جارێکی دیکە دەسەڵات بگرنەوە دەست. ئەم ئەزموونانە جارێکی دیکە ئەوە دەسەلمێنن کە لە نەبوونی ڕێبەرییەکی شۆڕشگێڕدا، سەرمایەداری توانای ئەوەی هەیە قەیرانەکان و تەنانەت ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانیش بکاتە ئامراز و دەرفەتێک بۆ گۆڕینی ئارایشی سیاسی و بنیاتنانەوەی خۆی. بەبێ ڕێبەرایەتی چینی کرێکار و حیزبی شۆڕشگێڕ، ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان ئاڵوگۆڕی ڕیشەیی شێوازی بەرهەمهێنانیان لێناکەوێتەوە و لە چوارچێوەی نەزمی مەوجوودا کۆنتڕۆڵ دەکرێن

لە ئێرانیش، لەسەر بەستێنی قەیرانی قووڵی ئابووری، گرانی و هەڵاوسانی بێسنوور، هەژاری و هەڵاواردن و نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان، شایەتی ڕەوتی ڕوو لە گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان بووین. مانگرتنە کرێکارییەکان لە پیشەسازییەکانی نەوت، پۆڵا، پەروەردە و خزمەتگوزارییەکان، هاوڕێ لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی پەرستاران و خانەنشینان، نیشانەی ڕوونی سەرهەڵدانی خەباتی چینایەتین. ڕەهەندی بێوێنەی هەژاری و نەهامەتی کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی سەرمایەداران بەسەر چینی کرێکاری ئێرانیدا سەپاندووە و هەروەها ناچاری و حەتمیەتی پەرەسەندنی مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان، زیاتر لە هەر کاتێک پێویستی یەکگرتوویی هەڵسوڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاریی لە دەوری بنەماکانی ستراتیژێکی سۆسیالیستی لە بواری ڕێکخراوبوون، پێکهێنانی ڕێبەری سەرتاسەری، یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە و قۆناغەکانی پێشڕەویی بزووتنەوەی کرێکاری بۆ ڕاپەڕین دژی دۆخی مەوجوود، هێناوەتە گۆڕێ.بزووتنەوەی ڕزگاری ژنان لە ئێران بەشێکی دانەبڕاوی خەباتی دژەسەرمایەدارییە. ستەمی جێندەری دیاردەیەکی فەرهەنگی نییە، بەڵکوو سازوکارێکی ئابوورییە بۆ بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵات و هێزی کاری هەرزان. ئەزموونی مێژوویی دەریدەخات کە هیچ ڕزگارییەکی کۆمەڵایەتی بەبێ ڕزگاری ژنان مومکین نییە. سۆسیالیستەکانی بزووتنەوەی ژنان تەنیا بە هێنانە مەیدانی جەماوەری ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش و بە یەکگرتوویی ستراتیژیک لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری دەتوانن پێشڕەوی بزووتنەوەی ڕزگاری ژن مسۆگەر بکەن

لەم جەرگەی ئەم بارودۆخەدا، ئەوەیکە ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە جیهانی سەرمایەداری بەرەو هەر لایەک بڕوات، بۆشایی نێوان هەژاری و دەوڵەمەندی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ قووڵتر دەبێتەوە و هەژاری و نایەکسانی بۆ ئاستێکی بێوێنە پەرەدەستێنێت. لەم هەلومەرجەدا، بە شێوەیەکی چارەهەڵنەگر و حەتمی، مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان و بزووتنەوە جەماوەرییەکان لەدژی ئەم هەژاری و نایەکسانییە،لەدژی پەلاماری دەوڵەتان بۆ سەر کار و ژیان و بژێوی کرێکاران، لەدژی هێرش بۆ سەر ئازادییە سیاسییەکان و کوشتار و جینۆساید و لەناوچوونی ژینگە، لە سەرانسەری جیهاندا پەرە دەسێنن. بزووتنەوەی سۆسیالیستی و ئەنترناسیۆنالیستی چینی کرێکار لەم قۆناغە مێژووییەدا و لەسەر بەستێنی گەشەی خەباتە کرێکارییەکان و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان، ئەم دەرفەتەی هەیە کە لە دۆخی بەرگری بێتە دەرەوە، شێوازێکی هێرشبەرانە و تەعەرڕوزی بگرێتە بەر و ببێتە جەمسەرێکی بەهێزی سیاسی. پێکهێنانی حیزبە کۆمۆنیستە شۆڕشگێڕەکان کە بتوانن خەباتی ئێستای کرێکاران دژی پەلاماری سەرمایە و بۆ باشترکردنی دۆخی کار و ژیان، لەگەڵ ستراتیژی شۆڕشی کرێکاری و سۆسیالیستی ئاوێتە بکەن، وە بزووتنەوەکانی مانگرتن و ناڕەزایەتی لە کۆمەڵگەدا بکەنە بزووتنەوەیەکی سیاسی بەهێز لەدژی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان، یەکێکە لە پێشمەرجەکانی پێشڕەویی بزووتنەوەی سۆسیالیستی چینی کرێکار لەم قۆناغەدا.ساڵی نوێی زایینی بۆ هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت دەرفەتێک بێت بۆ بیرکردنەوەی دووبارە لە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەم ئەرکە مێژووییە و ڕێکخستن و سازماندانی کۆمۆنیستی وەک هێزی ماددی ڕزگاری مرۆڤ. لە جیهانێکدا کە سەرمایەداری، ژیانی زۆرینەی دانیشتووانی گۆی زەوی و سروشت و ژینگەی خستووەتە مەترسی لەناوچوونەوە، سۆسیالیزم نەک ئارمانێکی دووردەست، بەڵکوو تاکە وەڵامی ڕاستەقینەیە بە قەیرانی ئێستا

❋❋❋

# ”چەککردنی "میحوەری موقاوەمەت
# دوایین پەردەی شکست و هەرەسهێنانی ستراتیژی ناوچەیی کۆماری ئیسلامی

بەدوای شەڕەکانی دوو ساڵی ڕابردووی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ئیسرائیل لە لایەک و کۆماری ئیسلامی و گرووپە چەکدارەکۆنە پەرستەکانی سەر بە ڕژیمی ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە، لە ماوەی حەوتووی ڕابردوودا هەواڵگەلێک سەبارەت بە کۆبوونەوە و گفتوگۆکان سەبارەت بە جێبەجێکردنی پرۆسەی چەککردنی ئەم گرووپانە، لەوانە حەماس لە غەززە، حیزبوڵڵای لوبنان و حەشدی شەعبی عێراق بڵاو بووەوە. لە پەیوەندی لەگەڵ حەماسدا، ڕۆژی هەینی ٢٨ی سەرماوەز کۆبوونەوەیەک بە بەشداری وەزیرانی دەرەوەی میسر، تورکیا، قەتەر و "ستیڤ ویتکاف" نوێنەری تایبەتی ترامپ بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ئەمریکا بەڕێوەچوو

ڕۆژێک دوای ئەو کۆبوونەوەیە، "ویتکاف" بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی هاوبەش کە جێگای ڕەزامەندی هەر چوار دەوڵەتی بەشداربووی کۆبوونەوەکە بوو، ڕایگەیاند کە جێبەجێکردنی قۆناغی یەکەمی گەڵاڵەکەی ترامپ لە غەززە، کە بریتییە لە ئاگربەست، یارمەتی بەناو "مرۆڤدۆستانە"، کشانەوەی هێزەکانی ئیسرائیل لە بەشێک لە غەززە و گەڕاندنەوەی تەرمی بارمتە کوژراوەکان، بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە. لە درێژەی بەیاننامەکەدا هاتووە: لە پەیوەند لەگەڵ قۆناغی دووەمی ئەو گەڵاڵەیە، لەوانە پێکهێنانی دامەزراوەیەکی حوکمڕانی بەبێ بەشداری حەماس، چەککردنی ئەم گرووپە و ئاوەدانکردنەوەی ئەم ناوچە وێرانبووە، لە حەوتووەکانی داهاتوودا گفتوگۆی زیاتر ئەنجام دەدرێت. لەو بەیاننامەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە حەماس دەبێت هەرچی زووتر خۆی بۆ چەکداماڵین و لەکارخستنی تونێل و دامەزراوە سەربازییەکانی و ڕادەستکردنی ئیدارەی غەززە بە دامەزراوەی کاتی "ئەنجومەنی ئاشتی" و لە کۆتاییدا چوونەدەر لە غەززە ئامادە بکات. ئەم چوار دەوڵەتە وێڕای پێداگریکردن لەسەر پابەندبوونی خۆیان بە گەڵاڵە ٢٠ مادەییەکەی ترامپ، داوایان لە هەموو لایەنەکان کردووە کە پابەندی بەڵێنەکانیان بن، دانبەخۆداگری (خۆپارێزی) نیشان بدەن و لەگەڵ میکانیزمەکانی چاودێریدا هاوکاری بکەن

هەڵبەت تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە پابەندبوونی لایەنەکانی ئاگربەست لە غەززە هەیە، ڕژیمی نەسلکوژی ئیسرائیل لەم ماوەیەدا بە بیانووی ڕادەستنەکردنەوەی تەنیا یەک تەرمی بەجێماوی بارمتە کوژراوەکان لەلایەن حەماسەوە، چەندین جار ناوچە جیاجیاکانی کەرتی غەززەی کردۆتە ئامانجی پەلامارە سەربازییەکانی و بەردەوام ئاگربەستی پێشێل کردووە. لە ماوەی ئاگربەستەکەدا سەدان کەسی دیکە لە خەڵکی بێدەرەتانی غەززەی کوشتووە و هەزاران کەسی دیکەی بریندار کردووە. سەرباری ئەوەش، لە بەردەم گەیشتنی خۆراک و یارمەتییە مرۆییەکانی دیکە بۆ خەڵکی غەززە کۆسپ و بەربەستی زۆری دروست کردووە

لە هەنگاوێکی دیکەدا و لەم ئاراستەیەدا، ڕۆژی شەممە ٢٩ی سەرماوەز هەواڵدەری ڕۆیتەرز ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە ئیبراهیم کالین، سەرۆکی "میت" لەگەڵ شاندێکی حەماس بە بەرپرسایەتی "خەلیل ئەلحەیە"، سەرۆکی شاندی دانوستانکاری حەماس، لە ئانکارا گفتوگۆی کردووە. لەم دیدارەدا بە حەماس ڕاگەیەندراوە کە دەبێت خۆی بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی پەیوەست بە جێبەجێکردنی قۆناغی دووەمی گەڵاڵەکەی ترامپ لە کەرتی غەززە، کە بەمزووانە دەست پێدەکات، ئامادە بکات. جێگای ئاماژەیە سەرجەم ئەم هەوڵانە بەر لە سەفەری نەتانیاهوو بۆ ئەمریکا و دیدار لەگەڵ ترامپ لە حەوتووی داهاتوودا، ئەنجام دراون

بەڵام لە پەیوەندی لەگەڵ چەککردنی حیزبوڵڵای لوبنان و مەسەلەی قۆرخکردنی چەک لە دەستی دەوڵەتدا، سەرەڕای هەڕەشە و هەڵیت و پڵیتەکانی خامنەیی، نەعیم قاسم ڕێبەری حیزبوڵلا و فەرماندەکانی سپای پاسداران بەوەی کە گوایە کەس ناتوانێت حیزبوڵڵا چەک بکات، هۆشداری بە کۆماری ئیسلامی دراوە کە چەککردنی حیزبوڵڵا بابەتێکی حەتمییە و نابێت دەستێوەردانی تێدا بکات. سەبارەت بە پێشێلکردنی ئاگربەست لە لوبنانیش، دەوڵەتی ئیسرائیل لە حەوتووەکانی ڕابردوودا مەودای هێرشە ئاسمانییەکانی خۆی بۆ سەر باشووری لوبنان و بەیروت بەرفراوانتر کردووە و چەندین کەسی حیزبوڵڵا، لەوانە هەیسەم عەلی تەباتەبایی کەسی دووەمی حەماسی کوشتووە

ڕۆژی شەممە ٢٩ی سەرماوەز، نووسینگەی نەواف سەلام، سەرۆک وەزیرانی لوبنان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک ڕایگەیاند کە قۆناغی یەکەم لە گەڵاڵەی پێنج قۆناغی ڕێککەوتنی ئاگربەست لە نێوان ئەرتەش لوبنان و ئیسرائیل، کە بریتییە لە چەککردنی حیزبوڵڵا لە باشووری ڕووباری "لیتانی"، تا چەند ڕۆژی دیکە تەکمیل دەبێت. هەڵبەت حیزبوڵڵاش ڕادەستکردنی چەک بە ئەرتەشیلوبنانی لەم ناوچەیەدا پشتڕاست کردۆتەوە. قۆناغی دووەمی گەڵاڵەی چەککردنی حیزبوڵڵا لە ناوچەی باکووری ئەم ڕووبارە و قۆناغەکانی دواتر لە دەوروبەری باشووری بەیروت، ناوچەی بەقاع و ناوچەکانی دیکەی لوبنان دەبێت

لە پەیوەندی لەگەڵ چەککردنی حەشدی شەعبی عێراق وەک یەکێکی دیکە لە هێزەکانی "میحوەری موقاوەمەت"ی ڕژیمی ئیسلامی، ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ی سەرماوەز، عەبدولڕەحمان جەزائیری فەرماندەی

حەشدی شەعبی لە وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاند کە: "گرووپە چەکدارەکانی عێراق گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە بەرژەوەندییەکانی عێراق وا دەخوازێت کە ئەوان بچنە نێو پرۆسەی سیاسییەوە تاکوو هەلومەرج و دۆخی ناوخۆیی هێمن بێتەوە". ئەمە لە کاتێکدایە کە دەوڵەتی عێراق لە چەند مانگی ڕابردوودا لەلایەن ئەمریکا و ئیسرائیلەوە بە توندی کەوتۆتە ژێر گوشار و هەڕەشەوە و بە ڕاشکاوی ڕایانگەیاندووە کە لە ئەگەری چەکنەکردنی گرووپە تیرۆریستەکانی حەشدی شەعبی، عێراق دەخەنە بەر گەمارۆ و هێرشی سەربازی. جێگای ئاماژەیە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی دەست و پێوەندەکانی خۆی لە حکوومەتی عێراق و بە کەڵکوەرگرتن لەم گرووپە چەکدارانە، لە بواری ئابووری و سیاسیدا عێراقی بە بارمتە گرتووە و بۆتە هۆی پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری و توندترکردنەوەی گەندەڵی و نائەمنی لەم وڵاتەدا. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە ڕێگەی دروستکردنی بانکە وابەستەکان لە عێراق و دزی و تاڵانکردنی بەشێکی زۆر لە دراوی ئەم وڵاتە، گەمارۆکانی دەور لێداوەتەوە و کەڵکی لێوەرگرتووە

بەمجۆرە، هەوڵ و تەقەلای زیاتر لە چوار دەیەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە خەرجکردنی سەدان ملیارد دۆلار لە بەرهەمی ڕەنج و کاری کرێکاران و سەروەت و سامانی کۆمەڵگا بۆ ڕێکخستن و پڕچەککردنی هێزەکانی بەناو "میحوەری موقاوەمەت" لە وڵاتانی دیکە و بەکوشتدانی سەدان هەزار کەس، هیچ ئەنجامێکی بۆ بەدەست نەهێنا. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە خۆی لە ئەندازیارانی پێکهێنانی هێزەکانی بەناو میحوەری موقاوەمەت و پڕچەککردنی ئەم هێزانە بوو، ئێستا خۆی لە گێژاوی قەیرانە قوڵە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و قەیرانی شەرعییەتدا تووشی بنبەست و مایەپووچی بووە. بەداخەوە ئاکامە کارەساتبارەکانی ستراتیژی گەمژانەی "شەڕی پێشگرانە"ی حکوومەتی ئیسلامی، بەرۆکی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشی گرتووە و ژیان و گوزەرانی سەدان ملیۆن مرۆڤ لە بنەماڵەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ڕووبەڕووی هەژاری و نەهامەتی و برسێتی کردووە. لەم ڕوانگەیەشەوە ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوان پێویستییەکی سیاسی و چینایەتییە. تەنیا بە پەلەکردن و چڕکردنەوەی خەبات و تێکۆشان بۆ ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ڕووخانی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی دەتوانرێت خەڵکی ئێران و ناوچەکە لە چنگ ئەم ڕژیمە جنایەتکارە ڕزگار بکرێت و لە بەرامبەر نەزمی ناوچەیی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەی ئەمریکا و ئیسرائیلدا، ئاسۆیەکی ڕوون لە بەردەم کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکرێتەوە

***



# بەفرانبەرێکی دیکە و شەپۆلی نوێی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە

ڕۆژی یەکشەممە، ٧ی بەفرانبار، بەدوای دابەزینی بێوێنەی بەهای تمەن لە بەرانبەر دۆلار و دراوەکانی دیکە و هەڵکشانی ساتبەساتی نرخی کاڵا و پێداویستییە سەرەتاییەکانی خەڵک، کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی و ڕێپێوانی بەشێک لە کاسبکاران و خەڵکی تاران دەستی پێ کرد. ئەم ناڕەزایەتییانە بە پەیوەستبوونی خوێندکاران و جەماوەری وەزاڵەهاتوو و بەش مەینەتی کۆمەڵگا، پەرەی سەند و ڕۆژی هەینی پێی نایە شەشەمین ڕۆژی خۆیەوە. شەوی هەمان ڕۆژ، کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی تاران و شارەکانی قوم، یاسووج،



مەڕو دەشت، مەشهەد و چەندین شاری دیکە درێژەی بوو. لەم ناڕەزایەتییانەدا، خەڵکی وەگیانهاتوو، هەر لە سەرەتاوە بە دروشمگەلی وەک "مەرگ بۆ خامنەیی"، "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" و "مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی"، جارێکی دیکە هەموو باڵەکانی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەیان وەک هۆکار و سەرچاوەی هەژاری و نەهامەتییەکانی کۆمەڵگا کردە ئامانج

پێشکەشکردنی پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی ١٤٠٥ لەلایەن مەسعود پزیشکیان بۆ مەجلیس لە ڕۆژی یەکشەممە، ٧ی بەفرانبەر و لێدوان و بەرگریی ناوبراو لەو پرۆژەیە، داهاتوویەکی ڕەش و تاریکتری لە ڕابردوو وێنا کرد. لە کاتێکدا کە ڕێژەی هەڵاوسان بۆ زۆرێک لە خۆراکەکان ٧٠ لە سەدی تێپەڕاندووە، بودجەی پێشنیارکراوی دەوڵەتی وەرشکستە ومایەپوچی ئیسلامی ڕێژەی زیادکردنی مووچە و حەقدەستی تەنیا ٢٠ لە سەد دیاری کردووە. دەوڵەت بە ئامانجی پڕکردنەوەی بەشێک لە کورتهێنانی تریلیۆنی بودجە، ماڵیاتی قورسی بەسەر بازاڕیان و وردەفرۆشاندا سەپاندووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە سیستەمی مافیایی دەسەڵاتدا، دەستی سەرمایەدارانی کەرتی تایبەت و دەوڵەتی ئاوەڵا کردووە کە دراوی بەدەستهاتوو لە هەناردەکردن نەگەڕێننەوە و لە سیستەمی ماڵیاتیشدا پارێزراو و بەخشراو بن

سەرەڕای ئەمانە، پزیشکیان ڕۆژی یەکشەممە لە کۆتایی قسەکانیدا لە مەجلیس جارێکی دیکە وتی: "هەر چەشنە زیادکردنێکی حقووق و مووچە، پێویستی بە دیاریکردنی سەرچاوەی دابینکردنیەتی." پزیشکیان لە شرۆڤەی ئەم دۆخە ئابوورییە شپرزەیەدا دانی بەوەدا نا کە: "بەشێکی بەرچاو لە سەرچاوە داراییەکانی وڵات لە بوارگەلێکدا خەرج دەکرێن کە لە بنەڕەتەوە نەدەبا پارەیان بۆ تەرخان بکرایە. ئەگەر ئەم سەرچاوە و یارانانە بە دروستی بگوازرێنەوە بۆ خەڵک، نە برسییەک دەمێنێتەوە، نە نەخۆشێک بێ دەرمان دەبێت و نە منداڵێک لە خوێندن بێبەش دەبێت." هەڵبەت پزیشکیان بۆ نیشاندانی بنبەست و بێتوانایی خۆی وتی: "هیچ ئەنگیزەیەکم بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا نییە. قبووڵکردنی بەرپرسیارێتی لە دۆخی ئەمڕۆدا گەلێک سەخت و ئاڵۆزە."

قسەکانی خامنەیی سەبارەت بە درێژەدان بە سیاسەتەکانی تاکوو ئێستا و پشتیوانی لە هێزەکانی "میحوەری موقاوەمەت" و بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و توندترکردنەوەی گەمارۆکان، هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی بودجەی ساڵی ١٤٠٥ لەلایەن پزیشکیانەوە، بووە هۆی سەرهەڵدانی شەپۆلێکی نوێ لە ناڕەزایەتییەکان لە تاران و زیاتر لە دە شاری دیکەی ئێران. قەیران و بنبەستی ئابووری لەسەر بەستێنی گەندەڵی و دزی سەران و دەستوپەیوەندەکانی ڕژیمی ئیسلامی ئەوەندە ئاشکرا و بەرچاوە کە هەندێک لە کاربەدەستانی حکوومەت و شارەزایانی ئابووریی سەر بە ڕژیمیش، پێشبینیی سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی جەماوەری و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و تەنانەت دارمانی حکوومەتی ئیسلامییان کردبوو و هۆشدارییان بە هێزە سەرکوتگەرەکان دابوو کە ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک بن

دادستانی گشتی ڕژیمی ئیسلامی، هەڕەشەی لە نارازییان کرد و وتی: "هەرچەشنە هەوڵێک بۆ بەکارهێنانی ناڕەزایەتییە ئابوورییەکان وەک ئامرازێک بۆ نائەمنی، ڕووبەڕووی کاردانەوەی یاسایی دەبێتەوە." ناوبراو بە قەولی خۆی "قۆستنەوەی ڕێکخراوی داخوازییە ڕەواکان بە گێڕانەوەی چەواشەکارانە و هاندانی رای گشتی"، بە ئاڕاستەکراو لەلایەن تۆڕە دەرەکییەکانەوە لە قەڵەم دا. بەرپرسان و کاربەدەستانی دیکەی ڕژیمیش، هاوکات لەگەڵ نیگەرانییان لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی بۆ کەرتەکانی دیکە، وەک پیشەی هەمیشەییان ئەم ناڕەزایەتییانەی خەڵک دەخەنە ئەستۆی دوژمن و دەستی دەرەکی. لەم پەیوەندییەدا پزیشکیان وتی لەگەڵ گوشاری دەرەکی لەلایەن "دوژمن"ـەوە بەرەوڕووین. حسێن مەرعەشی، سکرتێری گشتی حیزبی سازەندەگی هۆشداری بە بەرپرسان دا کە مەترسییەکە زۆر جیدی و نزیکە، چونکە قەیرانی دابینکردنی خۆراک، خەڵکی برسی دەهێنێتە سەر شەقامەکان. عەباس عێراقچی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو خۆی خزاندە ناو بواری ئابووری و بە درۆ و چەواشەکاری وتی: "پیلانی دوژمن بۆ خولقاندنی قەیران و زیادکردنی ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی، هەوڵی دەرەکی و بەکارهێنانی گەمارۆکانە تاوەکوو لەو ڕێگەیەوە کێشە بۆ دەسەڵات و حکوومەتی ئیسلامی لە ناوخۆدا دروست بکەن." سەرپاسدار قالیباف، ئەو دز و بکوژەی خوێندکاران وتی: "بەدکاران بە دوای ئەوەوەن داخوازییەکانی خەڵک بەرەو ئاژاوە بەرن." یەکێک لە نوێنەرانی پێشووی مەجلیسیش بە ئاماژە بە بەردەوامی سێهەمین ڕۆژی شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییەکان وتی: "دونیامان لە دژی خۆمان هان داوە، دۆخەکە خراپتر دەبێت و باشتر نابێت. خەڵک لە دەست ئێمە ماندوو و بێزار و تووڕەن و بۆ ڕزگارکردنی نیزام دەبێ کارێک بکەین."

لە کاتێکدا کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدەن سیمای سەرەکی ناڕەزایەتییەکان بە ئابووری و غەیرەسیاسی نیشان بدەن، هێزە سەرکوتکەرەکانی حکوومەتی ئیسلامی کەوتوونەتە خۆ و بە هێرش بۆ سەر کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکان

# بەیاننامەی هاوبەشی ڕێکخراوە سەربەخۆکان بۆ پشتیوانی لە ناڕەزایەتیی مافخوازانەی کۆمەڵانی خەڵک

و بە تەقەکردن و گازی فرمێسکڕێژ و گوللەی ساچمەیی بەرەو خەڵکی ناڕازی، ژمارەیەکی زۆریان دەستبەسەر کردووە

لەلایەکی دیکەوە، پشتیوانی خوێندکارانی زۆربەی زانکۆکان لە ئاستی سەرتاسەریدا لەم شەپۆلە نوێیەی ناڕەزایەتییەکان، نیشانەی سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی خوێندکاری و هاوچارەنووسی چینایەتی و کۆمەڵایەتی ئەوانە لەگەڵ ناڕازییان. ڕۆژی سێشەممە، ٩ی بەفرانبەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی بانگەوازی ڕێکخراوەکان و چالاکانی بزووتنەوەی خوێندکاری، خوێندکارانی زانکۆکانی تاران، شەریف، بەهەشتی، ئەمیرکەبیر، علم و فەرهەنگ، خاجە نەسیر، علم و سەنعەت، عەلامە و هەروەها زانکۆی سەنعەتی ئیسفەهان، یەزد، زەنجان و شوێنەکانی دیکە، بۆ هاوپشتی لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی بازاڕ، دەستیان دایە کۆبوونەوە. لەم کۆبوونەوانەدا خوێندکاران وێڕای هاوپشتی لەگەڵ داخوازییەکانی خەڵک، بە وتنەوەی دروشمگەلێکی وەک: "خوێندکار دەمرێت، زەلیلی قبووڵ ناکات"، "نە ڕووسەری نە تووسەری، ئازادی و بەرابەری"، "ئەم هەمووە ساڵە جنایەت، مەرگ بۆ ولایەت"، "ژن، ژیان، ئازادی"، "نە پادگان نە بۆنگا، بژی دانشگا" و "زیندانی سیاسی دەبێ ئازاد بکرێت"، جەختیان لەسەر درێژەدان بە خەباتی خۆیان کردەوە

خوێندکارانی زانکۆی کوردستانیش ڕۆژی چوارشەممە بۆ پشتیوانی لە ناڕەزایەتییە سەرتاسەرییەکان بانگەوازێکیان بڵاو کردەوە. لە بەشێک لەو بانگەوازەدا هاتووە: "ئێمە ڕۆڵەکانی چیا سەختەکانی کوردستان، بۆ ئازادیمان، بۆ مافمان و بۆ داهاتوویەکی دادپەروەرانە دێینە مەیدان. ئێمە ڕادەپەڕین تا کۆڵەکەکانی ئەم سیستەمە گەندەڵە لە بنەڕەتەوە هەڵتەکێنین. لە ئاست ستەم و گەندەڵیدا، چیتر بێدەنگی ڕەوا نییە. دەنگی ئێمە لە تەواوی ئێراندا دەنگ دەداتەوە."

لە بەرانبەر ئەم هەڵاوسان و گرانییە بێسنوورە و هەژاری و نەهامەتییە بێوێنەیە و ئەو پەلامارە بەربڵاوەی کە ڕژێمی گەندەڵ و جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئاستی ژیان و بژێوی خەڵک ڕێکی خستووە، ڕێگایەک جگە لە پەرەسەندن و جەماوەریبوونەوەی ئەم ناڕەزایەتییانە بوونی نییە. کرێکاران کە حەقدەستی چەندین قات لەژێر هێڵی هەژاری وەردەگرن یان بێکارن، ئەو خەڵکەی کە زیاتر لە ٦٠ لە سەدیان لەژێر هێڵی هەژاریدا مەرگی شێنەیی ئەزموون دەکەن، مامۆستایان و خانەنشینانێک کە لە دەست هەژاری دەناڵێنن، چیتر ڕێگایەکیان بۆ پاشەکشە نەماوەتەوە. خەڵک نابێ ڕێگە بدەن کە ئەم ڕژیمە جنایەتکارە، تێچووی قورسی ڕاگرتنی دەزگای گەندەڵی دەوڵەتی و ئۆرگانە سەرکوتگەرەکان و پرۆژە ئەتۆمی، سەربازی و ئەمنییەکان و دەزگای تەبلیغاتی خۆی، بەسەر سفرەی بەتاڵی ئەواندا بسەپێنێت. بۆ پاشەکشەپێکردنی حکوومەتی ئیسلامی سەرمایەداران، بۆ ئیفلیجکردنی ماشێنی سەرکوت و پاڵپێوەنانی بەرەو هەڵدێری ڕووخان، ڕێگایەک نییە جگە لە سەرتاسەریکردنەوەی ئەم ناڕەزایەتییانە، مانگرتنی سەرتاسەریی کرێکاران لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری و گۆڕینی مانگرتنە کرێکارییەکان بۆ بڕبڕەی پشتی مانگرتنە سیاسییە جەماوەرییەکان بە مەبەستی لەکارخستنی ماشێنی سەرکوت

تەقینەوەی تووڕەیی و ناڕەزایەتییەکانی توێژە جیاجیاکانی خەڵک لە زۆرێک لە شارەکاندا، نیشانەی ئەوپەڕی دژواربوونی بارودۆخ، نایەکسانی بێوێنە و تاقەت پڕووکێن و دۆخێکی یەکجار قەیراناویی ژیانی جەماوەرە. هەرچی لە تەمەنی کۆماری ئیسلامی زیاتر تێدەپەڕێت، جەماوەری خەڵک بەتایبەت کرێکاران، مامۆستایان، زەحمەتکێشانی شار و دێ، ژنان، لاوان و خەڵکی ژێرستەم زیاتر لە جاران تێدەگەن کە لەژێر سێبەری ئەم دەسەڵاتەدا ڕووی ئارامی، ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بە خۆیانەوە نابینن و هیچ داهاتوویەکی ڕوون و گەش بەدی ناکرێت. هەژاریی ڕەها،




هەڵاوسانی ڕوو لە هەڵکشان و گرانی بێسنوور، سەرجەمیان ئاکامی پێکهاتەی سیستەمی قەیراناویی سەرمایەدارین و کۆماری ئیسلامی نە دەیهەوێت و نە دەتوانێت قەیرانە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کەم بکاتەوە؛ چونکە لە لایەکەوە ژیان و مانەوەی ئەم سیستەمە لەسەر بنەمای چەوسانەوە و ستەمی سەرمایەداری دامەزراوە و لە لایەکی دیکەوە سیاسەتەکانی دەسەڵات و کارکردی ڕژیم خۆیان هۆکارگەلێکن کە کاریگەریی جددییان لەسەر توندترکردنەوە و پەرەسەندنی قەیرانەکان هەیە. سەرەڕای ئەمانە، هەرچەشنە هەوڵێک بۆ گۆڕانکارییەکی ئەرێنی لە کۆمەڵگادا دەتوانێت بناغەی دەسەڵات بخاتە لەرزە و ڕووبەڕووی مەترسی جددی بکاتەوە. هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی زۆر بە توندی دژایەتی هەرچەشنە داخوازییەکی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش دەکات و هەر جۆرە هەوڵ و خەباتێک بۆ سەرەتاییترین داخوازییەکان، بە سەرکوت و کوشتار وەڵام دەداتەوە

ڕێگەچارەی سەرکوت ڕەنگە دیکتاتۆرەکان بەو هیوایەی کە دەتوانن هەر دەنگێکی ئازادیخوازی کپ بکەن، بۆ ماوەیەکی کاتی دڵخۆش بکات؛ بەڵام ئەمە خەیاڵێکی خاوە و دەنگی ناڕەزایەتیی جەماوەر کپ ناکرێت و خەباتی چینایەتی بەردەوام دەبێت! وەک چۆن دەبینین تەنانەت لە ڕەشترین ساڵەکانی سەرکوتدا، ڕژیم هەرگیز نەیتوانیوە بێدەنگی و تەسلیمبوون بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنێت. ئێمە ئەم ڕاستییەمان لە بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانی ساڵانی ٩٦، ٩٨ و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی» لە ساڵی ١٤٠١دا بینی.لەئێستاشدا کە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا زۆربەی شارەکانی ئێرانی کردووەتە گۆڕەپانی خەباتی شەقام، وەهێزە ناڕازییەکان بەتایبەت لاوانی بوێر و شۆڕشگێڕی سەرەڕای ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گوللە و تفەنگ کێشاوەتە مەیدانی مەرگ و ژیان، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن. سەرکەوتنی کۆتایی بە هاوپشتی و یەکگرتوویی خەباتکارانە و بەهێزکردنی ڕیزەکانی تێکۆشەران، هێزە پێشکەوتنخواز و ئازادیخوازەکان و بە هاوکاری و هاوڕێیەتیی کرێکاران و زەحمەتکێشان مسۆگەر دەبێت

پشتیوانی و داکۆکی لەم خەباتە، ئەرکی هەر ستەملێکراو و هەر ئازادیخواز و مافخوازێکە. داڕێژەرانی ئەم بەیاننامەیە و ڕێکخراوە سەربەخۆ و چالاکە کرێکارییەکان و خانەنشینان، پشتیوانی لە خەباتی جەماوەری خەڵک دەکەن و خۆیان بە سەربازێک لە سوپای گەورەی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەزانن

بەڵام ئەو وانەیەی کە سەرجەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕە سەرکەوتووەکان فێری هێزە خەباتکارەکانیان کردووە، دەبێ فێر بین و بۆ سەرکەوتن لە خەباتی خۆماندا بەکاری بهێنین

بەبێ ناسینی دروست و زانستییانەی کۆمەڵگا و ڕەوتی جووڵەی مێژوو، بەبێ ناسینی دۆست و دوژمنانی خۆمان، بەبێ ستراتیژی و ڕێکارێک کە لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی ئاوا داڕێژرابێت و بەبێ بوونی کرێکاران و ڕووناکبیرانی پێشەنگ و ڕێکخراو کە لەسەر بنەمای ئەم ناسینە دروستە خەبات بکەن، هیچ حەرەکەت و بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بە سەرکەوتن ناگات

**با یەک بگرین، ڕێکخراو بین، چارەنووسی خۆمان بگۆڕین.**

**١٣ی بەفرانباری ١٤٠٤**

**سەندیکای کرێکارانی نەیشەکەری هەفتتەپە**

**کۆمیتەی هەماهەنگی بۆ یارمەتیدان بە پێکهێنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان**

**کرێکارانی خانەنشینی خوزستان**

**گرووپی یەکێتیی خانەنشینان**

❊❊❊

## بەیاننامەی شوورای هەماهەنگیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێران

### ئەم ناڕەزایەتییانە، ناڕەزایەتیی جەماوەرە،
### نەک ئامرازێک بۆ ململانێی باڵەکان و کەسایەتییەکان

ئەوەی ئەمڕۆ لە شەقام، گۆڕەپان و گەڕەکەکانی ئێراندا لە ئارادایە، هاواری تووڕەیی و ئازاری جەماوەرێکە کە ساڵانێکە ئێسقانەکانیان لەژێر بار و گوشاری هەژاری، هەڵاواردن، سووکایەتی، بێعەدالەتی و بێوەڵام مانەوەی داخوازییەکانیاندا ورد بووە. ئەم ناڕەزایەتییانە نە دەستکردی ژوورە فکرییە سیاسییەکانە و نە پرۆژەی ڕەوتێکی تایبەت. ئەمە دەنگی ژیانخوازیی خەڵکێکە کە ئیتر جگە لەو زنجیرانەی لە دەست و پێی بژیو، کەرامەت و داهاتوویان هاڵاوە، هیچ شتێکی دیکەیان نییە بۆ لەدەستدان

خەڵکی ئێران، مامۆستایان، کرێکاران، خانەنشینان، پەرستاران، جووتیاران، بێکاران، ژنان، لاوان، پەراوێزخراوان، بازاڕییان، ساڵانێکە تێچووی ناکارامەیی، گەندەڵی سیستماتیک و درۆ و دەلەسە بەردەوامەکانی دەسەڵاتیان بە گۆشت و ئێسقانی خۆیان داوە. هەڵاوسانی ئابووریی بێسنوور، لاوازبوونی لەڕادەبەدەری توانای کڕین، وێرانبوونی کەرتی پەروەردە و دەرمان، پەرەسەندنی هەژاری و ناسەقامگیری، بەرهەمی ڕاستەوخۆی سیاسەتگەلێکن کە نەک لەپێناو خەڵک، بەڵکوو لەدژی خەڵک و جەماوەر داڕێژراون

شووڕای هەماهەنگیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێران بە دەنگێکی بەرز ڕادەگەیەنێت

ئەم ناڕەزایەتییانە، ناڕەزایەتی جەماوەرە، نەک کەرەستەیەک بۆ کێبەرکێی باڵ و کەسایەتییەکان

جەماوەر خۆی وتەبێژی خۆیەتی؛ هەر چەشنە هەوڵێک بۆ بەلاڕێدابردن، ئەندازیاریکردن یان دەستبەسەرداگرتنی ئەم ناڕەزایەتییانە، خیانەتە بە خەڵک و زەربەلێدانە لە ئیمکانی ڕزگاری

ئەزموونە تاڵەکانی ڕابردوو دەریانخستووە کە هەر کات خەڵک پەراوێز خراون ، ئازادی و دادپەروەری کراونەتە قوربانی ناڕەزایەتی و مانگرتن مافی ڕەوای خەڵکە.

وەڵامی ئەم مافە، نە باتۆمە و نە گوللە، نە زیندانە و نە سەرکوت. ئەو دەسەڵاتەی کە دەنگی خەڵک نابیستێت، درەنگ یان زوو ڕووبەڕووی هاوارێکی بەرزتر دەبێتەوە

توندوتیژی دژی جەماوەر قەیرانەکە چارەسەر ناکات، بەڵکوو قووڵتر، بەربڵاوتر و کۆنترۆڵنەکراوتری دەکات

پەیامی ئێمە بۆ هێزە نیزامی، ئینتزامی و ئەمنییەکان ئەوەیە:

ئێوە لە دڵی ئەم کۆمەڵگایە هەڵقوڵاون. وەستانەوە لە بەرانبەر خەڵکدا، وەستانەوەیە لە بەرانبەر داهاتووی خۆتان و ڕۆڵەکانتان. خۆتان لە ڕشتنی خوێنی هاووڵاتییان و سوورکردنی دەستەکانتان بپارێزن و دڵنیا بن کە مێژوو ئەم ساتەوەختانە لەبیر ناکات

شووڕای هەماهەنگیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێران، خۆی بە بەشێکی دانەبڕاو لە جەماوەر دەزانێت و لە بەرەی ئەواندا وەستاوە و دەوەستێت. نە بۆ بەشخوازی و پۆست و پلە، نە بۆ دەسەڵات، بەڵکوو بۆ کەرامەتی مرۆڤ، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و داهاتوویەک کە چیتر لەسەر بنەمای ترس و هەژاری بنیات نەنرابێت

**ئەم دەنگە، دەنگی خەڵکە**

**و خەڵک خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم وڵاتەن.**

شووڕای هەماهەنگیی ڕێکخراوە پیشەییەکانی مامۆستایانی ئێران

❊❊❊



## ستراتێژی ئێمە لە بزووتنەوەی ژنان

نیزامی سەرمایەداری هۆکاری سەپاندن و مانەوەی ستەم لەدژی ژنە. بە تێگەیشتن لەم ڕاستییە و ناسینی حاڵەتەکانی ستەم لەدژی ژنان لە نیزامی سەرمایەداریە کە دەتوانین، خەبات لەدژی ئەم نایەکسانییە کۆمەڵایەتییە بە سەرئەنجام بگەیەنین. مەرجی پێشڕەوی خەباتی ژنان، جەماوەری بوون و کۆمەڵایەتی بوونی ئەم بزووتنەوەیە. بۆ ئەوەیکە بزووتنەوەی ژنان ببێت بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی، دەبێ جەماوەری ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش لە چوارچێوەی ملیۆنی بێنە گۆڕەپانی خەباتەوە. بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم هەنگاوە، دەبێ جەخت لەسەر سەربەخۆیی ئابووری ژنان و خواستەکانیان بۆ ژیانێکی گونجاو بکرێتەوە و ڕێگەی بەدیهێنانی ئەم خواستانە نیشان بدرێت. لەوەها ڕێگەیەکەوەیە چینی کرێکار بە پێی ناوەڕۆکی داخوازییەکانی کە هەیەتی و بەهۆی ئەوەیکە زۆربەی ژنانی کۆمەڵگا پێک دێن لە ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش، پشتیوانی بزووتنەوەی ژنانە. بزووتنەوەی ژنان بەو خواستانەی کە هەیەتی لە یەکەم هەنگاودا لەگەڵ بەربەستی کۆماری ئیسلامیی بەرەو ڕوو دەبێتەوە. بۆ تێکشکاندنی ئەم بەربەستە، بزووتنەوەی ژنان ناتوانێ دوور لە باقی بزووتنەوەکانی دیکە خەبات بکات و سەرکەوتوو بێت. بۆ پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی، هاوکاری و یەکگرتوویی لەگەڵ بزووتنەوە دێمۆکراتیکەکانی دیکەی کۆمەڵگا پێویستە. خەبات بۆ وەدیهاتنی مادەکانی ”بەیانییە مافی ژنان“ لە هەمان حاڵدا هۆکاری ئەم هاوکاری و یەکگرتوویە دەبێت و چالاکانی بواری سیاسەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، لە هەر خەباتێک بۆ وەدیهێنانی هەر کام لەم بەندانە، چالاکانە بەشداری دەکەن. لایەنە لیبراڵەکان هەوڵ دەدەن کە لە بزووتنەوەی ژنان وەک ئامرازێک بۆ بە دەسەڵات گەیشتن کەڵک وەرگرن. لە حاڵێکدا ئەوان بە شێوەی واقیعی بەهۆی پێبەندبوونیان بە پاراستنی پێوەرەکانی خاوەندەرایەتی نیزامی سەرمایەداری بە شێوەی گشتی و پەیڕەوی کردن لە سیاسەتی نێئۆلیبرالیستی ئەم دەورەیە، توانای دابین کردنی داخوازییەکانی ژنانیان نییە. ئەم ڕاستییە دەبێ وەک بەڵگەیەکی متمانە پێکراو بۆ جەماوەری ژنان شی بکرێتەوە. پێکهێنانی ناوەندێکی حیزبی بەهێز و ڕێکوپێک بۆ تەرکیز کردنە سەر چالاکی بواری کارو باری ژنان. ژنان لە حاڵێکدا لە شوێنەکانی کار و ژیانیان وێڕای پیاوان لە ڕێکخراوە جۆراوجۆرە سیاسی و چینایەتییەکانی ڕێک دەخرێن کە پێویستە بە مەبەستی جەماوەری بوونەوەی بزووتنەوەی ژنان، لە چوارچێوەی بەربڵاوتر، ڕێکخراوی ڕادیکاڵ و پێشڕەو پێک بێنن. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هاندەری پێکهێنانی وەها ڕێکخراوگەلێک بووە و پشتیوای لێ کردوون

❊❊❊

## شـێعر

### ڕەنجدەران و ورەی بەردەوام

هێشتا ئێمە سووتەمەنی بەردەوامین

ناخی پەستی شەوگارەکان دەبرژێنین

هێشتا ئێمە دەستی دایکێکی دڵ نەرمین

لانکەی کۆرپەڵەی هیواکان ڕادەژێنین

هەتا ئێستاش بەرینایی ئاسۆی مێشکمان

مەلی سروودی مەزنی تیا دەفڕێ

هەتا ئێستاش کۆڵیتی باخی دەروونمان

چرای ڕاز و خۆشەویستی تیا دەگرێ.

لە گەڵ گێژەنی چاخەکان

فێر بووین ڕەگ بە ناخا بەرین

بۆ مرۆڤی ئەودیو دەرگا بەسراوەکان

ژین بەرێی قاچاخا بەرین

بەرەو دۆزەخی لەبیرچووون

ئازا لە گەڵ ئاخا بەرین.

****

ئێمەی ڕەنجدەر

مێژووی چەندان دژایەتی و شەڕمان دیوە

کەچی ئێستاش

مێشکمان داهێنەرێکی زۆر بە هێزە و نەبەزیوە

گەرچی ئەمڕۆ چەوسێنەران دڕندانە

قەپ دەگرن لە تەوژمی هەنگاوانمان

شالاو دێنن

بۆ دزین و خۆراک و نانمان

بەلام ئێمە

تا هەتایە داهێنەر و پێداگرین

خۆ ڕاگرین

شەپۆلی ئاوازەداری نێلە نیلی ئاگرین!!

" هەڵکەوت "

❊❊❊




**کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :**

دەسپێکی بەرنامەکان، ۱۶:۳۰ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ۲۲:۳۰، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:۳۰، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ۱۰:۳۰، دە و نیوی بەیانی

**پێشـــــڕەو**

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات**
representation.of.komala@gmail.com

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب**
international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
٠٠٩٦٤٧٧١٠٢٨٦١٩٣
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧
٠٠٤٦٧٢٩٠٣٠٦٩٦
٠٠٤٥٦٠٩١١٧٨٢
٠٠٤٦٧٣٧١٦٩٧٤٦